Dr.Saleh Ebrahimi



یاکوتاڵ و سرِو سیپاڵیان لێوەر دەگرین و لەم ڕێگایەوە، هەم لە مەترسی قات و قڕی خۆمان را بگرین و هەم لەڕێگای فرۆشتنی، دانە وێڵە بە خەڵکی هەندە ران، سامان و دارایی و پوڵ و دراوێ زۆر بە دەست دێنین.

فیرعەون لە بیستنی ئەو قسانەی یوسف کە زۆر زانایانەو پسپۆرانە بو، شاد و خۆشحاڵ بو، ئە نگوستیلەی تپڵی لەدەستی خۆی دەر هێنا و کردی‌یە تامکی یوسف و تاجی پاشایی خویشی هەڵگرت و نایەبان سەر یوسفی نازدارو ژیرو پڕ عەقڵ و تەگبیرو بە مشور و خەم خۆری خەڵکی هەژارو نەدار و نێوخۆ و هەندەران، وە بە یوسفی وت: تۆ بەوهەموە زیرەکی و ژیری و کارزانی و کاردانی و بە مشوری و شیاوی یەوە، شیاوی فەرمانڕەوایی میسری و من دڵنیام حەڵکی بە هۆی ژیری و پڕ تەگبیری تۆوە، دەکەونە خێر و خۆشی و دارا و دەوڵەمەند و تێر و تەسەل تردەبن.

یوسف ئەنگوستیلەکەی وەرگرت، بەڵام تاجەکەی بە پاشا داوە و گوتی:

من لە پلەی خەزێنە داریدا، باشتر دە توانم کار بکەم و بۆ ئاوەدانی نیشتمان و وڵات بکۆشم و یارمەتی بە خەڵک بدەم و میسر ئاوەدان و ئاوەدانتر بکەم و خەڵک بخەمە خێر و خۆشی تا لەناز و نیمعەتی باشتردا بژین و لە مەترسی قات و قڕی و برسیەتی و نەداری و هەژاری رزگاریان، بکەین.

فیرعەون قسەکانی یوسفی پەسەند کرد و بە مجۆرە یوسف بووە خەزینەوان و پوڵ و دراوی وڵاتی گرتە دەست و بۆ فراوان بونی دان وێڵە، دەستوری داتالە و حەوت ساڵە تەرە ساڵانە دا، دانە وێڵەیێ زۆر بچێنن و بەرهەمێ زۆر و باش بە دەست بهێنن و لە سیلوسازکراوەکاندابەگوڵو خۆشەوە بۆ ساڵانی و یشکە ساڵی و قات و قڕی ئازوخەی بکەن.(۱)

(۱) مێژو دە نوسێ: هەر لەو ساڵانە دا عەزیزی میسر مرد و زولەیخا لە کۆشکی غیرەت دەر کراو پیر بو و کەم کەم سۆمای چاوی لە دەست داو لە کوچە و کولاندا دەر بەدە ربۆ ـ شەپۆل

Dr.Saleh Ebrahimi



جادوای ته‌ره سالّی و فراوانی ده‌خل و دان ویشکه سالّی و قات و قـری داهـات، جـا یوسف به ژیری و دلّسوّزی ده‌خلّ و دانه ویلّه پاشه که‌وته‌کانی له نێو خه‌لّکدا له میسردا به‌ش به‌ش ده‌کرد و زیادی یه‌که‌یش به‌کریارانی هه‌نده‌ران ده‌فروّشت، هه‌موئه و کارو بارانه له ژێر چاوه دێری یوسف دابو، یوسف خوّی دانه ویلّه‌ی به‌کریارانـی دراوسیّ‌و خه‌لّکی هه‌نده‌ران ده فروّشت، نـه‌وه‌کـومافی کـه سیّ بـخوریّ و زولّم له هـه‌ژارو بیّ ئه‌نوایێ بکریّ.

ده‌گێڕنه‌وه ئازوخه و دانه ویلّه، خانه‌دانی یاعقوب له‌که‌م و کوڕی‌دا، یه‌عقوب لێبڕا تا کوره‌کانی بنێرێته ولاّتی مبسر بوّ دانه ویلّه کڕین.

جا یه‌عقوب به‌کوره‌کانی خوّی فه‌رمو: بیستومه له مـیسردا پـاشایێ زانـا و ده‌هـنده و کارچاک، له سه‌رکاره و زوّر ده‌ست روّیوه و دلاّوایه، بچنه مـیسر لای ئـه‌و پـاشایه دانه‌ویلّه و خوارده مه‌نی ئاماده بکه‌ن و بیهێننه‌وه بوّ مالّ و مندالّ و خاو خێزان.

یه‌عقوب بنیامین‌ی لای خوّی راگرت و ده‌کوره‌که‌ی دیکه‌ی نـارده مـیسر بوّکڕیـنی ده‌خل و دان.

□ ده‌گێڕنه‌وه، دوابه دوای ئه‌وه‌ی که یوسف که وته چالاّو یاقوب روّژ بوّ روّژ زیـاتر ئوّگری بنیامین زاروکی گچکه‌ی خوّی ده‌بو و جێگای یوسفی له دلّی باوه یاقوب دا بوّ خوی خوّش کردبو، یاقوب نه‌ی ده توانی تاویّ،کاویّ له بنیامین دوربیّ.

به لّیّ خوێنه رانی رێزدار کورانی یاقوب رێگای میسریان گرته به‌ر، کاتیّ گه‌یشتنه میسر، ئه‌وانیان برده لای یوسف. یوسف کاتیّ چاوی به وان که وت ئه‌وانی نـانسییه وه‌و دله خور په‌ی پیّ که‌وت و دلّی داکه وت، به لاّم به سه‌ر خویّ نه هێنا و خویّ لیّ ئاشکرا نه کردن و به پێشکاره که‌ی وت: بیانبه نه جێگای پشودان تـا مـاندو بـونیان ده‌رچیّ، وه میوانداری یه‌کی باشیان بکه‌ن، ئه‌ویش کورانی یاقوبی برده جێگای پشودان و میوانداری یه‌کی باش و پیاوانه‌یان لێکردن.

بوّ روّژی دواییدا، یوسف ئه‌وانی بانگ کرده لای حویّ و پرسیاری لێکردن:

ئێوه کێن و له‌کام تیره و هوّزن و له‌کوێوه هاتون؟

Dr.Saleh Ebrahimi



ئه‌وانیش له وه‌لامی یوسف داوتیان: ئێمه کورانی یاقوب پێغه‌مبه‌رین و له نه‌وه‌ی ئیسحاق و ئیبراهیم پێغه‌مبه‌رین و له که‌نعانه‌وه هاتوین ده‌خل و دان بکرین بۆخاو خێزانمان، چونکا دانه وێڵه مان له‌که‌م و کوری داوه،که‌ندوه ئارده‌که‌مان له‌بن کران‌دایه.

یوسف وتی: چه‌ند رۆژێ بمێننه وه تا بزانم راست بێژین یا درۆزن.

کوره‌کانی یاقوب تێکرا وتیان: ئه‌ی پاشا ئێمه باوکێ پیرمان هه‌یه‌که یه‌کێ له‌کوره‌کانی له ده‌ست داوه، ئه‌ونه له سویێ ئه‌و زاروکه گریاوه و کوڵیاوه، چاوی‌ئاوی هێناوه و گلێنه‌ی سپی هه ڵگه راوه، ئه‌گه‌ر چه‌ند رۆژێ ئێمه را بگری ده‌ترسین له‌سوێ ئێمه دیق بکاو بمرێ.

یوسف به بیستنی باری ژین و ژیانی باوکی دڵی ته‌کانی خوارد و حاڵی گۆرا، به لاّم به‌سه‌ر خۆی نه‌هێناو له براکانی پرسی:

چی به‌سه‌ر ئه‌و کوره (یوسف) داهات، وتیان:گورگ خواردی. یوسف وتی: ئایابرای دیکه‌تان هه‌یه؟

وتیان: به‌ڵێ برایێ چکۆڵه‌ترمان له خۆمان هه‌یه‌که باوکمان بۆ دڵخوشی خۆی ئه‌وی لای خۆی راگر تووه.

یوسف فه‌رموی: من به قسه‌ی ئێوه باوه‌ر ناکه‌م، ئێوه ده‌بێ بۆسه لماندنی قسه‌ی خۆتان، کاتێ بۆجاری دوه‌م ده‌تانه‌وێ بێنه‌وه میسر، ده‌بێ برا چکۆڵه‌که‌تان له ته‌ک‌خۆتان بهێننه میسر تا بتوانم دانه وێڵه‌تان پێی بده‌م، ده‌نا ده‌بێ به ده‌ستی خاڵی بگه‌رێنه‌وه، کورانی یاقوب به تێکرایی به ڵێنیان‌دا،که له‌گه رانه‌وه بۆمیسر براکه‌ی دیکه‌یشیان له‌گه‌ڵ خویان بهیننه میسر، جا یوسف ده‌ستوری‌دا تا دانه وێڵه‌یان بده‌نێ و هۆر و جه والّیان له‌گه‌نم و دانه وێڵه بۆئاخنین، له هه‌مان‌کاتدا یوسف به پێشکاری خوێ وت:

کوتاڵ و نرخێ‌که بۆکرینی دانه وێڵه هێناوه یانه، به دزیه‌وه بۆیان. بخه‌نه‌وه نیوباره‌کانیان.

گه‌لۆ براکانی یوسف دوای پرکردنی باره‌کانیان له ده‌خڵ و دان به‌ره‌و که‌نعان گه‌رانه‌وه وچونه‌وه خزمه‌ت یاقوبی باوکیان، وه‌ئه‌وه‌ی واله‌و سه فه‌ره‌داله میسر روی دابو، زۆر به وردی بۆ باوکیان گێراوه، وتیان:

Dr.Saleh Ebrahimi



به‌ست به لاّم خوّی ئاشکرا نه‌کرد و ده‌ستوری دا زوّر جوان و باش له‌و میوانانه، ریّز بگرن و میوانداری یه‌کی باشیان بکه‌ن.

له پاشان بنیامینی براچکوّله‌ی خوّی بانکرده لای خوّی و خوّی به دزی براکانی دیکه‌وه، به‌م ناساند و فه‌رموی: من یوسفی براتم که وتویانه گورگ خواردومی. هه‌ردو برا به‌م له‌ونه به‌یه‌ک شادبون و یه‌کترینیان گرته باوه‌ش و یه‌کتریان به تاسه‌وه تیّرتیّر ماچ کرد، جاله پاشان یوسف مو به مو رابوردوی خوّی بوّ بنیامین گیّراوه که چی به‌سه‌ر هاتووه و چلون سه‌رکه‌وتو وگه یشتوّته ئه‌م پله و پایه و شکویّه. هه‌روا له بنیامینی ویست باسی باوکی بوّ بکاتابزانیّ چلونه و له‌چ باریّکی‌ژین وژیان دایه. بنیامینیش ئه‌وه‌ی له بابه‌ت باوه یاقوبه‌وه ده‌یزانی بوّ یوسفی گیّراوه و رای گه‌یاند که ئه‌وه نده له سوّی دوری توّگریاوه، چاوی ئاوی هیّناوه وگلیّنه‌ی سپی هه لّگه راوه و پشتیشی کوّم بوّته‌وه و وه‌ک گوّچان، چه ماوه، داماوه.

جاکاتیّ یوسف له بابه‌ت باوکی یه‌وه ئاگادار بو،کاوه ژمیّریّک به هه‌نسکدان و به قولّپی گریانه‌وه، گریاوله سویّ‌یان دلّی بورایه‌وه، جاکاتیّ که‌م که‌م ئارامی گرت و هاته‌وه سه رخوّ، وتی: لیّبراوم تاتوّ لای خوّم را بگرم تا به لّکو باوکیشمان بیّته ئیّره، میسر.

جا یوسف ده‌ستوری داده‌خل و دانیّ زوّر به براکانی بده‌ن و باره‌کانیان بوّ ته‌ژی بکه‌ن له دانه ویّله وله بنه‌وه به یه‌کیّ له پیّشکاره‌کانی فه‌رموبو: تاکاسه‌ی پیّوانه‌که به نهیّنی بخه‌نه نیّولاباری بنیامین و بیکه‌نه هه‌راو هوریا و بانگه و از که پیّوانه‌که، دیارنییه ئه‌بیّ دزرابیّ. پیّشکار به‌و جوّره‌ی کرد وگه‌ران به دوای پیّوانه‌که داوله نیو لاباری بنیامین دا دوزیانه‌وه، هه‌والّیان به یوسف دا و ئه‌ویش فه‌رمانی‌دا تاکه سیّ که‌کاسه‌ی پیّوانه‌که، له‌نیّو باریدا په‌یداکراوه ئه‌بیّ را بگیردریّ.

براکان که ئه‌مه‌یان زانی زوّر نیگه ران و په‌شیّو بون وکه‌وتنه پارانه و لالاّنه‌وه و رایان گه‌یاند ئه‌گه‌ر ئیّمه بیّ ئه‌و بچینه‌وه که‌نعان لای باوکمان، ئه‌و باوه پیره، زه‌وی گیره، دلّ برینه، له سویّ‌یان دیق ده‌کاو به سه‌رماندا ده‌مریّ، جاله به‌ر ئه‌وه تکامان وایه له باتی بنیامین یه‌کیّ له ئیّمه‌گل بده‌وه، چونکا باوکمان دوای یوسف دلّی به بنیامین داوه و دلّی

Dr.Saleh Ebrahimi



پاشای میسر رای گەیاندکە ئەمجارە ئەگەر بچینەوە میسر ئازوخەمان پێ نـادا مـەگـەر بنیامین لەتەکـ خۆمان ببەینە میسر.

یاقوب لە سەرەتاوە بە ناردنی بنیامین بۆ میسر دژ بوورای گەیاند من دوای یوسف دڵم بە بنیامین داوە و دڵم بەم خۆشە جالە بەر ئەوە بنیامین‌تان لەگەڵدا نانێرم.

براکانی بنیامین وتیان: باوە مەرج بێ ئێمە زۆر باش و مرۆیانەو برایانە چاوە دێـری لیێ بکەین تا بێ‌وەی بیبەین و بیهێنینەوە خزمەت تۆ.

یاقوب و تی: ئایا لەبابەت بنیامین ئەوەندە تان باوەر پێ بکەم کەلە بابەت یوسفەوە باوەرو بروام پیێ کردن؟

براکان وتیان: ئەی باوە، سوێند بەخوا بەڵێن بێ پیاوانە ئاگامان لەو لاوە، بێ نـەیەڵیـن، مویەکـ لە وکەم بێتەوە، لەو ماوەکە دەچینە میسر و دەگەرێنەوە، لای تۆ ئەی باوە! لەو کاتی وتووێژەدا خەریکی بارکردنەوەیش بون، لە پڕدیتیان کەل و پەل و نرخەکەیشیان لەنێو بارەکاندا یەو بۆیان گەراوە تەوە، بۆ دواوەکە بۆ دانە وێڵەکرین بردبویانە میسر.

یاقوب بە دیتنی ئەوکەل و پەلانە دەڵە تەپەی پیێ‌کەوت و نوری هیوا و هومێد لەدڵیدا نوری داوە و لەدڵەوە وتی: ئەم پیاوەتی یە، لە تایبەتی‌یەکانی یوسف دەچێ و چاوە روانی دیتنی بنیامینی برایەتی، بوێیوا ئەم کەل و پەلانەیشی بۆخستونە تەوە نێو بارەکان تا زیاتر تا سەباری چون بۆ میسر بن، یاقوب کە هیوای دیتنی یوسفی کـوری لەدڵ و دەرونـیدا روناکـ هەڵگە رابو، رازی بو تا بنیامینیان لەگەڵدا بنێرێتە میسر و لە دڵیشەوە بنیامینی بە خواسپارد و وتی: هەر خوایە پارێزەرو راگرو دەهەندە و دلاوا و دڵۆفان.

☐ بەکورتی و بەکوردی بێژین: دوای ماوەیەکـ، کە ئازوخە و دانە وێڵەی خاوخێزانی ماڵە باوە یاقوب لەکەم وکوری دا، کورەکان چونە خزمەت باوکیان تا بنیامینیان لەگەڵ بخا و بۆگەنم کرین دوبارە بچنەوە میسر، یاقوب دوای را سپاردنێ زۆرو دوعای خێر کردن بۆئەوان، بنیامینی پیێ سپاردن.

جاکاتێ کورانی یاقوب چونە میسر، چونە لای یوسف، جا چـون یـوسف چـاوی بـە براکانی کەوت ئەسرینی شەوق لەکالانەی چاوەگەش و جوانەکانیدا جەم بو و حەلقەی

Dr.Saleh Ebrahimi



بەم خۆشە و دوری ئەم کورە بۆ باوکمان گران تەوا و دەبێ و ئێمەیش ئەوە ندەی دیکە لای باوە کاروبارمان دەبێ خـراوە و ئـابرومان دەتکێ و تکـاوە و کـەسایەیتمان دەبێ پوچاوە.

یوسف وتی: ئەمەلە قانون و شەریعەتی ئێمە دانییە، کەکەسێ تاوان بار بێ و یەکێ دیکەی لەبارمتەدا بگیردرێ، چون کاسەی پێوانە کە لەلاباری بنیامین دا پەیداکراوە، ئەبێ ئەو قەتیس را بگیردرێ، بەڵێ: چون براکان زانییان گریە و زاری و پارنەوە کەڵکی بۆیان نییە، براگەورەکەیان وتی: من لێرە لە میسر دە مێنمەوە، ئێوە بگەرێنەوە کەنعان لای باوە و پیێ را بگەیین ئەم کارەساتە قەو ماوە. جاکاتێ گەیشتنە وە لای باوە، یاقوب روانی و زانی کە بنیامین لەگەڵ براکانیدا نییە و نەگەراوە تەوە، پرسی کەوا بنیامین؟ کورەکانیش ئەوەی لە و روی دابو، ورد بۆ یاقوبیان گێراوە، بەلام یاقوب بڕوای بەقسەکانی ئەوان نەکرد و پیێ و تن:

بۆچ جوان چاوە دێریتان لەو نەکرد، چلونە؟ کە هەر پێکەوە دەرۆنە شوێنێ یەکێ لە ئێوە بە جێ دە مێنێ و کە میدێنن، بە مجۆرە و بە مشێوە ئێوە دەرۆن، دەترسم هـەموتان لە کیسن بچن. کورەکان وتیان باوە! خوائاگایە لەم بابەتەوە قسەکانمان راستە و بنیامین ئێستا لای پاشای میسر بە بارمتە راگیراوە و براگە و رەشمان لای ئەو جێماوە، پاشای میسر زۆر مرۆیە و پیاوانە بە تاوانی دزی کاسەی پێوانە، بنیامین لای پاشا راگیراوە. ئەگەر بەباشی بزانی تۆ نامە یەک بۆ پاشای میسر بنوسە و ئەو لەکار و باری ژیانی خۆت ئاگار بکە، بە لکو خوا بیکاو کەند و کۆسپ لاچێ و تۆیش خەفەتی دوری بنیامینت لە دڵ دەرچێ.

یاقوب لە سەر ئەسپاردەی، کورەکانی بە مشێوە نامە یەکی بۆ عەزیزی میسر (یوسف) نوسی: بە ناوی خوای بەخشەرو دلاوا: بسم‌الله الّرحمن الّرحیم + من تاه نهیةُ الحکیم.

دلاوایی و کارچاکی پیاوەتی تۆ سەبارەت بە خاوخێـزانـی پێـغەمبەر ایـەتی، بۆتـە هۆ تازیندوم دوعای خێر و تەمەنی پڕ بە رەکەتت بۆ بکەم، چاوم لە خەفەتی دوری زار و کم یوسف سۆمای نە ماوە و گلینەم سپی هە ڵگەراوە و پشتم وەک قەفی گۆچان چە ماوە و هێزم نە ماوە، جەرگم لە سۆیان براوە. بزانە ئێمە لە بنەماڵەی پێـغەمبەرانـین، دە رد و

Dr.Saleh Ebrahimi



مه‌ینه‌ت به سه‌رماندا باریوه، باوه گه‌وره‌م ئیبراهیم له ئاگری نمرود خراوه و ئیسماعیلی باوکم سه‌ر بریاوه و به رانی له باتی دریاره، منیش له دوری یوسفی کورم به‌لێ یوسف دڵم هه‌ڵقرچاوه و له به‌ر گریان و زاری سۆمای چاوانم له ده‌ست داوه، ئێستا دڵم به بنیامین داوه، تۆ به‌رکه به‌ملاوه‌و بنیامین له‌به‌ر من بنێره‌وه بۆ دواوه، بۆکه‌نعان بۆ لای ئه‌م باوه دڵسوه‌تاو، لێقه و میاوه، که یادگاری یوسفی کورمه، که به فه‌رمانی تۆ ناردومه‌ته میسر بۆ ئه‌و ناوه که ده‌خل و دانه وێڵه‌مان، بووه ته‌واوه بۆم نبێـره‌وه تـا بـه‌ندی جـه‌رگ و دڵم نه‌پساوه، تابۆت بکه‌م دوعای خێر و ته‌مه‌نی پڕ به‌ره‌که‌ت، بۆ تۆ، ببێ ته واوه، له‌لایه‌ن ئه‌م لێقه‌ماوه، دڵ شکیایه وه. (ان‌الله لایضیع اجرالمحسنین) ئه‌وسایه قوب نامه‌ی مۆر کرد و دایه ده‌ست کوره‌کانی و ئه‌وانی به‌ره و میسر ریێ‌خست به‌و هیوایه تا بنیامین بگه‌رێنه‌وه بۆ دواوه، بۆلای باوه دڵ سوزیاوه.

کوره‌کان زۆر به په‌له به ره‌و میسرگه رانه‌وه و یه‌کسه‌ر، وه راست چونه‌لای یوسفی دڵ بریاوه و نامه‌ی باوه‌ی بۆ رۆن کرایاوه، جاکاتێ یوسف وێنه‌ی ده‌س و خه‌تی باوه‌ی دریا به نێوچاوا، بویی روانی و خۆیندی یـه‌وه، حـه‌به سـیاو، گـریاوه نـامه‌ی نـابان چـاوی فرمێسکاوی و تێرتێر ماچی کرد و نایه‌وه سه‌ر نێو چاوانی، ده‌سخه‌تی ماڵه باوانی، جادوا به دوای ئه‌وه، ده‌ستی کرد به خوێندنه‌وه‌ی نامه‌ی باوه، کاتێ له خوێندنه‌وه‌ی بو ته واوه، یوسف به ناچار خۆی ناساند به وبرا ده‌ره‌تان براوانه و ئه‌وانی گرته باوه‌ش، به ته‌واوی و دڵاوایی و لێبوردوی، وه‌کاردساتی خۆی مو به مو بۆیانی گێراوه و به‌وانی وت: هه‌رچی بویا له رابورد و داقه و ماوه، رق و قین سه‌باره‌ت به ئێو. له دڵمدا نه ماوه، براکان به بیستنی قسه و پیاوه‌تی یوسف گشتیان له قوڵپه‌ی گریان‌دا و ده‌سـتیان کـرد بـه گـریه و زاری و پارانه‌وه تا یوسف له تاوانیان ببورێ و لیان خۆش بێ و خۆیان دا به‌سه‌ر پێ یوسف داتا به دڵ بیان به خشێ.

براکان به تێکرا له ناخی دڵ و ده‌رونه‌وه تۆبه‌یان کرد و شوکرانه‌یان به‌جیێ هێنا. ئـه‌وسا یوسف کراسی به رخۆی ده رهێناو دایه ده‌ست براکانی و پێی و تن: ئه‌م کراسه‌م به‌رن بۆ باوکم تا بیهێنێ به‌سه‌ر چاویدا و چاوی بینایی بێته‌وه و هه‌روا دوسه‌ت وشتریشی پێدان تا

Dr.Saleh Ebrahimi



له‌که نعانه‌وه ماڵ و کۆچی خۆیانی لێ بار بکه‌ن و بیهێننه میسر و له میسردا پێکه‌وه بژین و رای بوێرن.

یه هوداکراسه‌که‌ی یوسفی هه‌ڵگرت و له‌گه‌ڵ براکانی هه مو پێکه‌وه به په‌له‌گه‌رانه‌وه بۆ که‌نعان، یه هوداکه له پێشه‌وه ده‌رۆیی کاتێ گه‌یشته خزمه‌ت باوکی، مزگێنی داکه‌کراسی یوسفم بۆ هێناوی، یاقوب کراسه‌که‌ی گرت و نایه سه‌ر چاوانی و ده‌ستی کرد به‌گریان و له پاشان چاوی به‌و کراسه سڕی یه‌وه و چاوی کراوه و بینایی هاته‌وه سه‌رگلێنه‌کانی. جا کاتێ چاوی یاقوب کراوه، له‌بابه‌ت یوسفه‌وه پرسیاری له‌کوڕه‌کان ده‌کردو ئه‌وانیش له سیر تا پیاز هه‌مو شتێکیان مو به مو بۆ باوکیان گێراوه، جادوای قسه و باسێ زۆر یاقوب زۆر به تاسه‌وه ده‌ستوری دا تا هه‌موبنه ماڵه‌ی یاقوب بار باربکه‌ن و به‌ره و میسر بکه‌ونه رێگا و بچنه میسر.

له‌م لاشه‌وه یوسف ده‌ستوری داتا چاوه روان بن، تا بنه ماڵه‌ی یاقوب له میسر نێـزیک بونه‌وه، ئاگاداری بکه‌ن و هه والّی هاتنی باوکی پێ‌بده‌ن. یوسف خه‌ریکی کارو باری ولات و دابین کردنی رسق و رۆزی خه‌ڵک بو، له پڕ خه‌به‌ریان داکه له لایه‌ن که‌نعانه‌وه ماڵ و کۆچی یاقوب به‌ره و میسر دێ.

یوسف زۆر شاد و خۆشحاڵ بو، زۆر به دڵ و داو له‌گه‌ڵ کۆڕێ زۆر له خه‌ڵکی میسر چونه به ره‌و پیری یاقوبی باوکی، له‌ولای شاره‌وه، یوسف چو بـه ره و پـیر بـاوکی و یه‌کتریان له باوه‌ش گرت، له حاڵێکدا فرمێسک له چاویان ده‌تکا، یه‌کتریان تێرتێر، وه زۆر به تاسه‌وه ماچ کرد و یاقوب یوسفی دڵبه‌ندی توند نوساند به سینگی یه‌وه، ئاێخه‌ی له‌دڵ و ده‌رونی بڕیا و خۆشی و شادی له ده‌رونی پڕگڕی گه‌ڕیا.

گه‌لۆ: باوک و کوڕ دوای ساڵه‌ها دوری دیداریان به یه‌کتر شاد بوو له خۆشیان پێیان، وه ئه‌رز نه‌ده‌که‌وت، به‌و شوکرانه هه‌مو به‌ندی یه‌کانی میسر ئازادکران وجه‌ژنێ زۆر خۆش و پڕشکۆ به بۆنه‌ی شادبونی یوسف به یاقوبی بابی له میسر دا ساز دراو جێژنێ زۆر خۆش به ریوه بریا.

به لێ ئازیزان یوسف باوکی و خاڵتیکی نابان ته‌خت لای خۆی و براکانیشی تێکرا له‌گه‌ڵ

Dr.Saleh Ebrahimi



باوه و دایه، (زردایک) چونه سوژده به‌و شوکرانه وه، براکان داوای لیبودنیان له یوسفی برایان کرد و ئه‌ویش لییان خوشبو و دلّداری دانه‌وه و پێی و تن: له خواداوای لیبوردن بکه‌ن تا خوایش لێتان ببورێ هه‌روه‌ک من لێتان ده‌بورم.

جاله و ده‌مه‌ی دا یاقوب روی کرده یوسف و پێی فه‌رمو: ئه‌مه بو واتای خه‌ون دیتنه‌که‌ت که خوابه راستی گێرا و ئێستا دوای چل سالّ ئه‌و خه‌ون دیتنه هاته‌دی.

□ ده‌گێرنه‌وه روّژێ له روّژان یوسف له‌گه‌لّ هه‌ندێ که‌س‌دا به شارا ده‌گه‌را تاله نێزیکه‌وه بروانه باری ژیانی خه‌لّکی، له ناکاو یوسف چاوی که‌وت به زوله‌یـخا، وا پـیرو کوّم بوته‌وه و به‌کوته‌کوت ده‌روا و چاویشی له‌سوّماکه و توه، یوسف لیێ چووه پێشه‌وه‌و پییّوت: ئه‌ی زوله‌یخا به سه‌رهاتی کار و باری خوّتم بوّ بگێره وه تا رێـز و هێـزت بوّ بگێرمه‌وه، وه ئێستاکه بیوه‌ژنی ماره‌ت بکه‌م.

زوله‌یخا له‌وه‌لاما وتی: ئه‌و سه رده مه‌ی که له‌تافی لاوی، جوانچاکی، خوشیکی‌و بینایی دابوم، دوریت لێم ده‌کرد، ئێستا جوانی و هێز و بیناییم له ده‌ست داوه، دمخوازی؟ هه‌ی هو، هه‌ی هو، له کیسم چو.

یوسف وتی: ئه‌و سه‌ر ده‌مه، توّ مێردت هه‌بو، بلّێ بزانم هه‌ر ئاره زویه‌کت هه‌یه تا بوّت جێی به جێی بکه‌م.

زوله‌یخا وتی: چوارشتم ده‌وتێ ئه‌گه‌ر بکرێ: هێز، رێز، بینایی و جه‌وانی.

یوسف فه‌رموی: شوم پێی‌بکه رێز و هێز په‌یدا ده‌که‌ی، به لاّم بینایی و جوان بونه‌وه به ده‌ست خودایه.

وه‌حی وئیلهام هات (ئه‌وه‌ی له توانات دایه ئه‌نجامی بده و ئه‌وه‌ی له وزه‌ت به ده‌ره له خوای بخوازه).

یوسفیش هه‌روای کرد و زوله‌یخای ماره‌کرد و خوایش بینایی و جـوان بـونه‌وه‌ی بـه زوله‌یخا به خشی.

□ ده‌گێرنه‌وه دوای چه‌ند سالّ که یوسف به دیداری باوکی شاد بو و زوله‌یخای ماره بڕی، فیرعه‌ون مرد و یوسف بووه هه‌مه‌کاره‌ی ولاّتی مبسر و له فه‌رموده دایه، ده‌لّین:

Dr.Saleh Ebrahimi



یاقوب دوای ئەوەی بە دیداری یوسفی کوڕی شاد بو، سی ساڵی دیکە ژیاوە و لە سەرە مەرگ دا بە یوسفی فەرموە: لای ئیبراهیم باوەگەورەم لە وڵاتی شام بم نێژە

دەڵێن: یوسفیش سپاردەی یاقوبی بابی بە جێ هێناوە و یاقوب لە شام لە نێزیک حەزرەتی ئیبراهیم خەلیل ئێژراوە.

□ دەگێرنەوە حەزرەتی یوسف دوای وەفاتی باوکی ٢٢ ساڵی دیکە ژیاوە و لە ١١٠ یا بە قسەیێ دیکە ١٢٠ ساڵیدا بەرە و لای خوا بارکەی تێکناوە.

ئەمەیش چەند شیعری گوڵ بژێری کوردی لە بابەت یوسف و زولەیخاوە:

یـوسف بۆ هـاودەم حـەزرەتی یـاقوب لە لای بـاوکی بـونازدار و مـەحجوب

زولەیخا

ئـــەی بـــرایـــنە بـــبن ئـــاگـــادار لە بـــاسی نـــەسەب زولەیـــخای دڵدار

باوکی حـاکـم بـو لە شـاری (نـەیموس) لە لای روژاواگـــەورە و بـــە نـاموس

کـــچێکـــی جـوانـــی هـــەبو پـادشا شـــیرین و دلبـــەر نـــاوی (زولەیـــخا)

سـەر تـا پـا بێ عـەیب بـالاوەک چـنار نـازک و لەتـیف وەک گـوڵی بـە هـار

□ شەوێ نە سیم نەو وە هـار وەش تـەر جە شنۆی شە میم گوڵزار دڵ کەش تـەر

زولەیخای زولف دێز چە رخ چەم سیاو دیدەی مە خمورەش مـەست جـام خـاو

چون زولەیـخا دیش شێوەی شـیرینەش هـــیلال ئـــەبرۆ بـــە در جـــەبینەش

حەیران بی جەو حوسن شێوە و شە مایل بەک دڵ نە صەد دڵ پـەنەش بـیی مـایل

صوب شە ماڵ پە ردەی ظوڵمانی لا بەرد کەرگە سیاوێ هێڵـەی چـەرمەش کـەرد

جـە قـاسپەی ژە رەژ چـریکەی بـولبول بـیوە زیـر و بـەم سـە را پـەردەی گـوڵ

مەشاطەی نە سـیم ئـارام دەسـتەش بـەرد گۆشوارەی شە و نم نە گۆشی گوڵ کەرد

ســـوچیا ئـــەعضاش جـەمەیل دڵدار ساکت بیی جەخەوف شە ماتەی ئـەغیار

دڵەی خەمبارش وە خوم خەم مـە وەرد وەهە زار مەینەت شـەو، وەروٚ مـە بـەرد

پـەردە دار بـە زم مـەیخواران شـەوەن پـــــەردە پۆش راز دڵداران شـــەوەن

وادەی سۆز و ساز دە روێشان شـەوەن جـای راز و نـیاز دڵ رێشـان شـەوەن

Dr.Saleh Ebrahimi



یاگەی ریزەی رازهام دەردان شەوەن　　　جاگەی سکالای هام فەردان شەوەن
حەجلەی پەروانەی شەیدای شەم شەوەن　　　حوفلەی نۆشانۆش بادەی خەم شەوەن
قەلای شەو چەند راز حەصاری کە ردەن　　　عاقلان ماچان شەو قەلای مە ردەن
زولەیخاوەی طور شەو چەنەش مەویەرد　　　صوب شەفەق ئاسا ئەسرین پاک مەکەرد
وەختەن شەرارەی فەنا بشو لێم　　　ئامانەن دڵبەر رەحمت بێو پێم
یوسف نە گوفتار زولەیخای عەزیز　　　واز کە رد قوفڵ قاف حوقەی گەوهەر رێز
واتەش نە ئەولاد نەوەی ئادەمم　　　جنس ئاو و خاک فیرقەی عاڵەمم
ئەرتۆشۆر عەشق من شەیدات کە ردەن　　　بێ تاو و تاقەت هووەیدات کە ردەن
بە ساق سیمین بانوی گەو هەر سەنج　　　حەلقە بەست ئەومار نە دەوران گەنج
بە لێ ئەو تەرلان گەنج بێ بەهان　　　هەر گەنجێ مارێش مە بۆ پاسەوان
زولەیخا چونمار لوا وەگە نجەش　　　فزون بیی ئەندوەش گران بیی رەنجەش
گا گا مەنالا چون دەردەداران　　　گا مەبی مەلول چون ئازیەت باران
شیرین شەم بێز چەنی بار وەرد　　　ساڵی بەی دەستور جە عومرەش و یەرد
□ شەوێ لەشەوان سەری نایەوە　　　لە حوجرەی نازدار بۆ خۆی مایەوە
لەخەودا یوسف هاتە بەرچاوی　　　بردی ئارامی جەرگ و هەناوی
مات و سەرگەردان بون بۆ گوفتگوێ　　　نەی ئەدا بە کەس مەیلی دڵی خۆی
لەپاش یەکساڵ بو، یوسفی سەروەر　　　هاتەوە خەوی زولەیخای دڵبەر
بە بالای عەرعەر گوفتاری شیرین　　　رومەتی وەک گوڵ شۆخی نازەنین
هاتە بەردە می زۆر بە خاوێنی　　　زولەیخا دەستی برد بۆ داوێنی
رابەری لە خەو، نازداری شیرین　　　بە کەیف و خۆشی و شادی و پێکەنین
پاڵی دایە وە سەر کورسی زێرین　　　عەقڵی هاتە سەر گوفتوگۆیی شیرین

جادوای ئەوەی یوسفیان خستە چالاو بابزانین براکانی یوسف چیان بە یاقوب وت:

گە رانەوە دوا بۆشاری کەنعان　　　بەشین و رۆ رۆ بەزاری و گریان
لە دەنگی گریان مە خلوق خرۆشان　　　یاقوبی هەژار دەرونی جۆشا

Dr.Saleh Ebrahimi



فەرموی پێم بڵێن: تو خودا رۆڵەگیان　　لەبەرچی دەکەن شیوەن و گریان
بۆ لە ناوچونی یوسفی نازدار　　مات و عاجز بون، حزین و غەمبار
فەرموی: ئەی هاوار جەرگم براوە　　یوسف فەوتاوە هێزم نەماوە
عاقیبەت فەرموی: (فصبر جمیل)　　بەڵکو رەحم کات خالقی جەلیل

جادوای ئەوەی یوسف کەوتە زیندان

عەزیز ئەمری کرد دەر حاڵ غولامان　　یوسفیان هەڵگرت بردیان بۆ زیندان

شاعیری بیر وردو بوژێنەری واژەی جوانی کوردی، زانا و نیشتمان ویست، بە رێز عومەر ساڵحی ساحێب، (کۆلیل)، لەو شوێنەی کە زولەیخا بە یوسف دەڵێ:

بە شیعرو هۆنە دەڵێ:

موعجیزەی جوانی تویە دەزانم　　بە ئاو کە ئاگر دەخەیتە گمانم

لەبا بەت براکانی یوسفیشەوە دەڵێ:

برا چوزانێ قیمەتی گەو هەر　　قەدری زەڕ ئەگرێ کاکی زەڕنگەر
یاقۆ دەزانێ قیمەتی چەنێ　　هەر زولەیخایە کەسێ بێ سەنێ

Dr.Saleh Ebrahimi



کیهان
صفحه ۱۴
شنبه ۱۶ آذر ۱۳۸۱
۲ شوال ۱۴۲۳ - شماره ۱۷۵۴۳
شه‌پول / ۲۹۴

برای اولین بار در ایران و جهان

# قرآن کریم به زبان کردی ترجمه شد

**برای نخستین بار در ایران و جهان، آیات قرآن کریم از عربی به کردی ترجمه شد.**

دکتر محمد صالح ابراهیمی محقق علوم قرآنی و مترجم این قرآن در گفت‌وگو با باشگاه خبرنگاران جوان با بیان این مطلب در خصوص اثرگذاری این ترجمه گفت: هرگز باور نمی کردم که این ترجمه تا حد بسیار زیادی بتواند مخاطب داخلی و خارجی جذب کند و به گفته برخی از ایرانیان کردزبان این ترجمه توانسته است الفت آنان را با کلام خدا عمیق‌تر کند. وی افزود: البته پیش‌تر از این قرآن کریم به زبان کردی اما با خط لاتین که ویژه کردهای مقیم ترکیه است ترجمه شده بود.

وی در خصوص تأثیرات انتشار و مطالعه این ترجمه در بین کردزبانان تصریح کرد: تأثیر مطالعه این ترجمه بر تقویت علاقمندی مردم به قرآن تا آنجا که بررسی کرده‌ام قابل توجه بوده است.

وی در ادامه گفت: این کتاب در داخل کشور پنج بار و در میان کردهای خارج از ایران نیز دوبار تجدیدچاپ شده و در کردستان عراق هم این کتاب با اشتیاق مخاطبان مواجه شده است.

وی در خصوص مدت زمان کاری که روی ترجمه این قرآن انجام گرفته بیان داشت: در سال ۱۳۶۶ ترجمه قرآن را به اتمام رساندم و در سال ۱۳۷۶ این کتاب چاپ شده و دلیل این وقفه طولانی هم می‌توانست مشکلات مالی و مسائل دیگر باشد که من خیلی در جریان آنها قرار نگرفتم.

وی در خصوص سیاست‌های دین‌زدایی در گذشته خاطرنشان کرد: رژیم گذشته نمی خواست به هیچ شکلی برای اسلام تبلیغ شود چرا که با دین‌داری و اسلام مخالف بود و واهمه داشت. خصوصا با اقدام ملی و محلی مخالفت‌هائی صورت می‌گرفت و رژیم نمی‌خواست به زبان آیین و سنت‌های آنان بها دهد.

Dr.Saleh Ebrahimi



# داواکردنی مافی ڕەوای کورد

(چاکترینی مرۆ ئەوکەسەیە، کە فرەترین کەلکی بۆ خەلکی دیکە هەبێ - ڕەسولی‌خوا (خ)).
بەڕێزان، گەڕێنەران، بەرپرسان، بوژێنەران، ڕاگرانی زمان و هونە روهۆنەی ئەدەب و ویژاوەری نەتەوەی دا بە شکراوی کورد، بوێران، ماندو نەناسان، هێژایان، دڵسۆزان و کارگێرانی حەوتە نامەی (سیروان)ی پڕو تەژی لەمەبەستی جوان ورەنگین و سەنگین، درود و ڕەحمەتی خواتان، لەسەربێ و بەقەدر و عێزەتەوە پایە دارو مایەدارو بەرقە داربن.

داواکردنی حەق و مافی فرە یاکەم مەرج نیە، شەرت ئەوەیەکە حوکومەت داخازی‌و مافی خەلک‌و ئەسڵی قانونی ئەساسی بە تایبەت ئەوانەی پێوەندی دارن بە حەقی خەلک، وەک ئەصلێ ١٥، ١٩، ١٢ و... و پەیامی ١٣٥٨/٨/٢٦ - ئیمام خومەینی، بەڕێوە ببا، دیارە خاوەن ماف دەس لەحەق و مافی‌ڕەوای خوێی هەڵناگرێ. ماف و حەق نادرێ، دەبێ وەربگیردرێ و بستێنەرێ. دیارە ئێمە دەبێ لەوەرگرتبی مافی ڕەواو بە رحەقی‌نەتەوەیی خومان سوربین و نابێ، بێ دەنگ‌بین. لە سۆنگەی پاراستنی زمانەوەیە کەکورد لە نێو کورە وسۆبەی‌گرداری داگیرکەران نەتاوا وەتەوەو زەق و زیندو خوێی ڕاگرتووە.

لە حەوتەنامەی هێژا و پڕقیمەتی (ڕوژ هەلات)کە وەک ڕوژ لە ئاسمانی کوردەواری ئێراندا، نورو پڕشینگ دەهاوێژێ. لە ژمارەی ٢٧ دوشەمە ٢٤ی‌گەلاوێژی ١٣٨٤ چاوم بەم نوسراوە (جرأتِ بیان حقیقت)کە وت‌کەرای گەیاندبو روانینێک بە وتاری هەڵبژاردنی سەرکۆمارو چەن نوکتە یەک نوسراوی خالد تەوەککولی، ئەحمەد قازی).
کە جەنابی کاک ئەحمەد قازی وتبومی: «اصلاح طلبان کُرد سقف مطالبات مردم کردستان را تنزل دادەاند». هەروا رایگەیاندبو کە ٨ ساڵ پێش لەجەنابی ناتیق نوری‌بان ویستبو (ئەسڵی ١٥ - ی قانونی ئەساس و چەن ئەسلی دیکە، لە بەرنامەی خوێدا بگونجێنێ و ئەویش لە یەکێ لە ڕوژنامەکاندا بە ویستەکانی ئێمە بە ئاشکرا ئیشارەی

Dr.Saleh Ebrahimi



کردبو)، ئەوە ویڕام ئەو قسەوا ٨ ساڵ پێش لە نانیق نوریم ویستبو بیلێم.

پێوستە بخەمە بیر کە خاوەنی گۆڤاری گرشەی کوردستان محەمەد صالح ئیبراهیمی بۆ یەکەمجار دوای رابەرانی حیزی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران)، خاوەنی ئەو گۆقارە لە ژمارەی یەکەمینی ئەو گۆفارەدا کە یەکەم ژمارەی لە ١٩٨١/٣/١ ـ ز ـ ورەشەمەی ١٣٥٩ بە زمانی کوردی لە تاران لە چاپ دەدرا و لە کوردستان بلاو دەکرایەوە. داوای بەرێوە بردنی ئەسڵی ١٢، ١٥ و ١٩ و... قانونی ئەساسی و پەیامەکەی ئیمام خومەینی کردبو: «.. اسلام بزرگ تمام تبعیضها را محکوم نموده و برای هیچ گروهی ویژگی خاصّی قرار نداده و تقوا و تعهد به اسلام تنها کرامت انسانهاست، و در پناه اسلام و جمهوری اسلامی حق ادارەی امور داخلی و محلی و رفع هرگونه تبعیض فرهنگی و اقتصادی و سیاسی متعلق به تمام قشرهای ملت است منجمله برادران کُرد...». روزنامەی کەیهان ١٣٥٨/٨/٢٧ هەتاوی و صەحیفەی نور چاپی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی و گۆڤاری گرشەی کوردستان ژمارەی یەکەم ساڵی یەکەم پەرەی ١ و ٢٧ و ٢٩و ژمارەی ٧ و ژمارەکانی دیکەی ئەو گۆفارە و کتێبی کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی چاپی دوەم ١٣٧٩/١١/١٥ ی هەتاوی پەرەی ١١٦ نوسراوی محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) تەنانەت تەواوی دەقی ئەو پەیامە م لە یەکەمین ژمارەی گۆفاری گرشەی کوردستاندا بە زمانی کوردی لە رەشەمەی ١٣٥٩ی هەتاویدا بلاوکردوتەوە و هەروا لە ژمارەکانی دیکەی ئەوگۆقارەدا، بەرێوەبردنی پەیامی ئیمام و ئەسلەراگیراوەکانی قانونی ئەساسیم داواکردوە کە پێوەندیان بە کورد و نەتەوە جیاجیانەکاوە هەیە، هەروا لە کۆنگرەی زبان و فەرهەنگ وئەدەبی کوردی کە لە ساڵی ١٣٦٥ لە شاری مەهاباد سازدرا، لە رۆژی یەکەم لەوکۆنگرەدا قسەم کرد و ١٨ مادەم داواکرد:

١ ـ ئیجرای پەیام و حوکمی ١٣٥٨/٨/٢٦، ئیمام خومەینی ٢ ـ بەرێوە بردنی ئەسلی ١٥ و ١٩ و ١٢ و... قانونی ئەساسی ـ

٣ ـ بۆ ئەوەی منالانی مەعسومی کورد سەریان لێ نەشێوی و سەرکوێر نەبن لە باغچەی

Dr.Saleh Ebrahimi



منالاّن و لە سەرەتای خوێندنەوە بە زمانی کوردی و لە پاشان بە زمانی فارسی و کوردی بخوێنن.
۴ ـ کەلک وەرگرتن لە زمانی کوردی لە چاپەمەنیدا پەرەی پێبدری ـ ۵ ـ لە یەکێ لە ئۆرگانە دەوڵەتیەکانی کۆماری ئیسلامیدا کەمەقاماتی کۆماری بە موناسبی بزانن بنیاتێکی چاپ و بلاّوک بە زمانی کوردی بۆراگەیاندن و بلاّوکردنەوەی فەرهەنگی ئیسلامی بە پێی مەزهەبی تە سەنون کە مەزهەبی خەلکی کوردە و لە ئەسلی ۱۲ ی قانونی ئەساسی دا هاتووە کە (مەزهەبەکانی دیکەی ئیسلامی کە حەنەفی، شافعی، مالکی و حەنبەلی)یە، ڕێزێ تەواویان بۆهەیە، دامەزرێ.
٦ ـ بۆ وتنەوەی دەرسی ویژە ویژەوانی زمانی کوردی لە فێرگەو خوێندگە و فرانکۆو زانکۆکاندا لەکەناری زمانی فارسییەوە هەنگاوی پێویست دابنرێ.
۷ ـ لە رادیو و تلوێزیونی کۆماری ئیسلامی کەیەکێکەلە کەرەسەو هۆی راگەیاندنی گشتی، (کە لە ئەسلی ۱۴ ی قانونی ئەساسیشدا هاتووە) بەرنامە بە زمانی کوردی دامەزرێ و پەرەی پێ بدرێ، تا خەلکی کوردەواری لە خێر و بیری کۆماری ئیسلامی بە شدارو دلخۆش بن (و من یعمل مثقال ذرة خیراً یره) ئایەتی قورئانە ـ ۸ ـ دانانی چاپخانە یەک لە شاری مەهاباد بۆ چاپ و پلاّو کردنەوەی کتێب و رۆژنامە و گۆفار بە زمانی کوردی ـ ۹ ـ دامە زراندنی فێرگە، خوێندگە، فرانکۆ، زانینگە و زانکو بۆ خوێندن بە زمانی کوردی لە یانەکانی فێرکردن و بارهینان و هەروەها لە وەزارەتی فەرهەنگ و زانینە بە زرەکاندا ـ ۱۰ ـ دامەزراندی کار بە دەس و فێرکار و مامۆستا بۆ فیرکردنی زمانی کوردی لە فێرگەو زانکۆکاندا. هەروا دامەزراندنی خوێندکارانی کورد لە یانەکان و وەزارەتخانەکان و زانکۆکاندا ـ ۱۱ ـ دامەزراندنی ناوەندی چاپ و بلاّوک بەزمانی کوردی لە تاران یا ناوەندی ئوستان یا یەکێ لە شارەکانی کوردنشین ـ ۱۲ ـ پەرەدان بە فێرگەی خوێندن بۆ فەقێ و مەلایان لە کوردستان ـ ۱۳ ـ سازدانی مزگەوت بۆ ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە تاران ـ ۱۴ ـ دانانی کورسی تەدریسی فیقهی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە زانستگەی ئیلاهیات لە سنە، کرماشان، تبریز، ورمێ،

Dr.Saleh Ebrahimi



مەهاباد، ئیلام و سقز و بۆکان ـ ١٥ ـ دانانی بودجەی تایبەت بۆ جوبرانی مەحرومی شارەکانی کوردنشین و پەرە دان بە ئاوەدانی، خوێندن، بیهداشت، دەرمان، نەخوشخانە و سەنعەت و تکنیکی ڕوژاو، نەک بۆکاروباری نیزامی. ـ ١٦ ـ لە بەرچاوگرتنی کورد بۆوەزیر، بالویژ، قازی، گەرێنەرانی یانەگشتیەکان ـ ١٧ ـ دانانی ئەنیستیو و کانونی فەرهەنگی و کۆمەلایەتی لە وەزارەتی فێرکردن و بارهێنان و هەروا لە وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی ـ ١٨ ـ دانائی کارخانە و کارگەی بەرهەم و دەسمایە هێنەر بۆدەس بەکاربونی گەنجان و لابردنی مەحرومیەت و بێ بەشی لە هەرێمەکانی کوردەواری ـ بەرێوەبردنی فەرمانی خوێندن و نوسین بە زمانی کوردی بە تایبەت لە فێرگە سەرەتایەکان دا و هەروا لە خوێندنگە، فێرگە، فرانکۆ، زانستکەو زانکۆ دا لە هەرێمی کوردستان، کە ئەوانە ئیجرابکرین، جاکاتێ لە پشت میکروفونەکە هاتمە خوارێ جەنابی خەلیل موەفەقی و دوستانی دیکە وتیان، ئەو هەموو مەبەستە کە تۆ خواستوتە، ئەویش لەم کاتە سارد و حەساسەدا، وریابە نەتگرن، دەبێ بلێم تێکستی نوسخەی ئەو و تارم بەهەندێ لە میوانەکانی کۆنگرەکە، داوە، نوسخەیێ بۆ (سروە) لە بلاوکی صەلاحەدین ئەیوبی، کە لە شاری ورمی یە، دیارە دەبێ نوسخەیەک لە بایەگانی ئەویدا ئیستاهەبێ و نوسخەیەک بۆ دەنگ و ڕەنگی شاری مەهاباد و نوسخەیەکیشم دا دەس (کاشانی) یەکێ لە بەرپرسان وگەرێنەرانی گۆفاری (سروە) و چەن بەش لەو (وتارە) لە ژمارەی تایبەتی (سروە) دا بە سەروگوێی شکاوی لە هەردوبەشی کوردی و فارسی یەکەی گۆفاری سروە لەگەل وێنەی من بلاوکراوەتە وە. وەک ئەوە نەیان وێراوەیا نەیان ویستوە گشت مەبەستەکە، بە تەواوی لە چاپ بدەن. لە و کۆنگرەی شاری مەهاد رامگەیاند کەخوا لە قورئاندا فەرمویەتی: (وَ ما اَرْسَلْنا مِنْ رَسُولٍ اِلاّ بِلِسانِ قَوْمِهِ لِیُبَیِّنَ لَهُم سورەی ئیبراهیم ئایەتی ۴، (و مِنْ آیاتِهِ خَلْقُ السَّمٰواتِ وَ الْاَرْضِ وَ اِخْتِلافُ اَلْسِنَتِکُمْ وَ اَلْوانِکُمْ اِنَّ ذٰلِکَ لَآیاتٍ لِلْعٰالَمِینَ ـ سورەی روم ئایەتی ٢٢). قورئان بۆزمانی هۆزو نەتەوە جیاجیاکان گرینگی تایبەتی داناوە و زمانی ئەوانی بە ئایەت و نیشانەی خۆیی ناساندوە و مەفهومەکەی ئەمەیەکە قەبول نەکردن و بایەخ نەدان بە زمانە جیا جیاکانی

Dr.Saleh Ebrahimi



کورد و نەتەوەکانی دیکە، وەک قەبوڵ نەکردن و بایەخ نەدانە بە دروست کردنی گۆی ئاسمان و گۆی زەوی و گۆڕانی شەوو ڕۆژ وایە، ئاخرەکەی یانی **قەبوڵ نەکردنی ئایەت و نیشانەکانی خودا و ئینکاری بە دیهیات**، هەروەکو ڕەژیمی پەهلەوی لە ماوەی پەنجاساڵدا ئینکاری کرد.

بەسەرنجدان بە فتوای شەرعی زانایانی گەورەی جیهانی ئیسلامەتی: (ئیمام شافعی، ئیمام حەنبەلی، ئیمام مالکی و ئیمام ئەعزەم ئەبوحەنیفە) خوێندنی نوێژی جومعەو خوتبەکانی بە زمانی دایکی و غەیرە عەرەبی، بە جایزیان داناوە، ئەوە بە زمانی دایکی و غەیرە عەرەبی رە وابێ، خوێندن و نوسین بە زمانی کوردی و غەیرە عەرەبی ڕەواترە. حەنەفیەکان و ئیمامیەکان دەڵێن: عەرەبی بونی خوتبەکان لە نوێژی هەینیدا شەرت نیە (اَلْفِقْه عَلَى الْمَذاهِبِ الْخَمْسَةِ) چاپی بیروت پەڕەی ٢١ و ٢٢ ـ جا هەر لەم سۆنگە وەیە، کە **ئیمام خومەینی** فتوای ئەو حوکمەی داوە کە لە ١٣٥٨/٨/٢٧ ی هەتاوی لە ڕۆژنامەی کەیهان و... لە چاپیش دراوە و بڵاوکراوەتەوە، کە دوپاتەیشی لە سەر ئەوە کردوە کە دەبێ **(حقّ ادارەی امور داخلی و محلّی)** سەبارەت بە نەتەوەی کورد و ئەوانی دیکە ئیجرا بکرێ و دوپاتەشی کردوە کە دەبێ **(رفع هرگونه تبعیض فرهنگی و اقتصادی و سیاسی بکرێ)**، یانی دەبێ تبعیض نەمێنێ یانی نەتەوەکانی ئێرانی کار و باری نێو خۆیان، بە بیرودەسی خۆیان بە ڕێوەی ببەن و لە فێرگە و زانکۆکان بە زمانی خۆیان بخوێنن و تەبعیضێک نەبێ. وەزیر، سەفیر، قازی و یاوەرو فێرکارو مامۆستا لە خۆیان بێ و کارخانە و تیکنیک و سەنعەت و کەرەستەی هۆی بەرز بونەوەی ئابوری و ژیانی مرۆڤانی لە کوردستان و هەرێمەکانی نەتەوە جیاجیاکاندا یەکسان و بێ تەبعیض بێ و ڕۆژنامە، گۆڤار و دەنگ و ڕەنگ بە زمانی خۆیان هەبێ و فەرق و تەبعیض نەمێنێ، بە مجۆرە تەنیا ئەوە ماوە حوکمەکەی ئیمام خومەینی و مادەکانی قانوین ئەساسی کە راگیردراون ئیجرا بکرێن، کە بە داخەوە ئەوە ماوەی **٢٥** ساڵ زیاترە هێمان ئەو حوکمەو ئەسلی **١٥** و **١٩** و **١٢** و... ی قانونی ئەساسی ئێران بەڕێوە نەبراوە. (هەربۆیێ دڵێن، دوسەد، وتە بە قەت نیوەکار وکردە وەیک بایەخی نییە).

**دیارە ئەگەر حوکومەت لە کات و ساتی خۆیدا ئەو حوکمەی ئیمام خومەینی و ئەسولی قانونی ئەساسی پێوەندیدار بە نەتەوە جیاجیاکانی ئێرانی ئیجرا بکردایێ، نەڕاپەرینی هێزی چەکداری و نەبزاوی ئیعتیرازی و تووڕەبونی خەلک ڕوی نەدەدا و** نەتاقمی دەرون حاکمیەت دەیان توانی بە چاوی بێگانە و نیشتە جێیانی موستە عمەرە تەماشای کورد بکا، جا لە بەر ئەوەیە جەنابی خاتەمی سەرکۆمار لە قسەکانیدا سەبارەت بە نەتەوەی کورد، وتویەتی: «هیچ‌کس حق ندارد بگوید از کُرد ایرانی‌تر است». دیارە ئەگەر بۆ فریونەبوبێ، یانی دەبێ عەمەلەن وەک ئەسڵە ئێرانی تەماشای نەتەوەی کورد بکرێ، هەروا لە ۴ ـ ۱۳۷۲/۹/۵ لە شاری سنە لە سالۆنی (میهمانسرای) سنەکۆنگرەیەک سازدرابو لە بابەت تەتەوری زمانی کوردی قسەم کردو داوای بەرێو بردنی حوکمەکەی ئیمام خومەینی و خوێندن بە زمانی کوردیم کردو لە هەمو ئەو کۆنگرانە، کە لە شاری سنە بەرێوە دەچون، من داوای ئیجرای حوکمەکەی ئیمام خومەینی و ئەو ئوسو لانەی قانونی ئەساسیم دەکرد کە پێوەندیان بە کورد و نەتەوە جیاجیاکانی ئێرانیەوە هەیەو ڕاگیردراون.

هەروا لە کۆنگرەی ڕێزدانان بۆ لێکۆڵەر، موتەرجیم و شاعیری ناوداری کورد: عەبدورەحمان شەرەفکەندی (هەژار) کە لە ۱۳۸۱/۳/۲۳ لە شاری مەهابد، سازدرابو، دا خوازی ئیجرای حوکمەکەی ئیمام خومەنیی و ئوسولەکانی ڕاگیردراوی قانونی ئەساسیم کرد. ـ هەروا لە جێژنی هونەری کوردی کە لە (سینما فلسطین) لە تاران ۱۳۷۴/۹/۲۸ ساز درابوو قسەم کردو خوازیاری بەرێوە بردنی حوکمەکەی ئیمام خومەینی و ئەسلە ڕاگیردراوەکانی قانونی ئەساسیم کرد، هەروا لە ڕۆژانی پێنجشەمە و هەینی ۱۱ و ۱۲ سەرماوەزی ساڵی ۱۳۷۸ لە سالۆنی (مجتمع شهید آوینی) لە کرماشان کە کۆنگرە یەک بۆ ڕێزدانان لە خوالیخۆشبو سەید تاهیر سەیدزادە هاشمی ساز درابو داوای ئیجرای ئەسڵی ۱۵ و ۱۹ قانونی ئەساسیم کردو ئەم دا خوازیەم لە کتێبی فەرهەنگ و ئازادی، کۆمەڵێک نوسەرکتێبی گوڵان ژمارەی ۳۳ چاپی ۲۰۰۰ ـ ز ـ هەولێر، لە چاپ دراوە، هەروا نوسەری ئەو کتێبە نوسیویەتی: ئەو دا خوازیە

Dr.Saleh Ebrahimi



کوڕەکەی جۆش دا.

لەکۆنگرەی ڕێزدانان بۆ **پێشەوا مستەفا بارزانی ڕابەری کەبیر و هەمیشە زیندوی** نەتەوەی کورد کە لە ١٠/٣/٢٠٠ ی زاینی لە تالاری (بین‌المللی) سازمانی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران قسەم کردو لە ئاخری قسەکانمدا وتم: «هیوا دارم هەر وەکو تورکیە لە چەن ماڵە ئاوارە»ی تورکی نیشتە جێی قبرس پشتیوانی دەکا، کۆماری ئیسلامی ئێرانیش، ئاوا لەکوردەکان چ لە عێراق و چ لە تورکیە و سوریە و لوبنان و... پشتیوانی بکا.

باشە بخەمەوە بیر: ڕۆژی سێ شەمە ٣ ی خەزەڵوەر (ئابان)ی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی و ١٢ ڕەبیع ئەوەڵ ـ ی ١٤٠٩ی مانگی و ٥م ئۆکتوبر ـ ی ١٩٨٨ ی زاینی خوالێخۆشبو: سەیید مەحمود ـ ی گوڵشەن، سەیید ئیبراهیم ـ ی ستودە ـ دوکتور محەمەد تەقی ئیبراهیمپور. محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)، شەریف عەزیمی، محەمەد ڕەئوف تەوەککولی، محەمەد ڕەیانی، حەسەن صەلاح (سۆران) دوکتور فەرەیدون ـ ی جونەیدی، کە لە لایەن ئوستانداری کوردستانەوە بۆ بە شداری کردن لە جێژنی لە دایک بوونی حەزرەتی ڕەسولی ئەکرەم (د ـ خ) بە بۆنەی حەوتەی وەحدەت بانگ کرابوینە شاری سنە، وەکاک شاروخ هەورامانی، بە ماشین‌ها بتووە تاران، بە شوێنماندا، شەو لە ئوستانداری کە ئایەتوڵلا عوزما سەیید عەلی خامنەیی، سەرکۆماری ئەوسای ئیسلامی ئێران، لەوێ بوو، ئێمەیش ئەم موستەد عەیاتەمان بە ئیمزای هەمومان لە شەوی مەولود خوانی لە ساڵۆنی ئوستانداریدا دا دەس سەرکۆمار، دەقی موستەد عەیاتەکە:

(مستدعیات هیئتِ علمی فرهنگی کُردان که بمنظور شرکت در مراسم هفتهٔ وحدت در محضر ریاست محترم جمهوری به سنندج دعوت شده‌اند:

١ ـ تشکیل فرهنگستان کُردی (آکادمی) ـ ٢ ـ ایجاد کُرسی زبان و ادبیّاتِ کُردی و تأسیس چند واحد تدریس زبانِ کُردی در دانشگاه‌های مناطق کُردنشین و تهران و سایر مراکز علمی کشور ـ ٣ ـ پیگیری مصوبه‌ی نخستین کنگره‌ی زبان و فرهنگ و ادبی کُردی مهاباد، درباره‌ی تدریس زبان کُردی در جنب زبان فارسی در مدارسِ ابتدایی در مناطق کُردنشین ـ ٤ ـ ایجاد دفتر هماهنگی در ستاد انقلاب فرهنگی در تهران به منظور

Dr.Saleh Ebrahimi



پێگیری مستدعیات یاد شده ـ زۆر بەرێزەوە هەیئەتی عیلمی فەرهەنگی کە بە تەقازای ئاغای (روزبە) موشاویری کاروباری موتالەعات و فەرهەنگی ئوستانداری سنە، (کوردستان) ناوەکان و موستەدعەیاتەکە، وەرگیران و پێشکەش بە بەرێز سەرکۆمار،کرا بە ئیمزای هەمومان (ئابان) ١٣٦٧ ی هەتاوی ـ بە داخەوە لە ١١/١٠/١٣٧١ ی هەتاوی گوڵشەن بە نەخۆشی دڵ وەستان وەفاتی کردومنیش بۆ یادی ئەو دۆستە ئازیزە شەرحی حاڵی ئەوم بە زمانی کوردی نوسی و لەگەڵ ئەو موستەدعەیاتەدا لە ٢ ژمارەی ٤٠ و ٤١ حەوتەنامەی ئاوییە ر ـ مانگی خەزەڵوەروسەرماوەز ـ ی ساڵی ١٣٧٧ ی هەتاوی بەچاپم گەیاند. خودا لە قورئاندا فەرمویەتی (إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَ الْإِحْسَانِ) لە قورئاندا ئەمر کراوە مرۆ عادل و دادگە ربێ و لە ولاتدا، عەداڵەت بەرقەراربکا، دیارە عەداڵەت هەمو لایەنەکانی فەرهەنگی کۆمەلایەتی، سیاسیو رامیاری و ئابوری دەگرێتەوە، دیارە پەرەدان بە دادگەری و عەداڵەت و پاراستنی ڕێزو کەرامەتی مرۆ، لە نێزیک بوونە وەی خەلکی لە یەکتر، دەتوانێ ببێتە ئامانجگەلیهاو بەش؛کە لە سازدانی ئاژۆتن بە ڕەولای جیهانی بوون نەخشی بنەرەتی هەبێ. بە هیوای ئەوەین دادگەری بە دی بێ. ١٣٨٤/٦/١٢ و ریکەوتی ٣ ی سپتامبرـ ی ٢٠٠٥ ی زاینی ـ تاران.

**ئەم مەبەتە لە پەیامی کوردستان پەرەی ١٤ سیاسی ژمارەی ٣٦ شەمە ٢٥ خەرمانانی ١٣٨٥ هەتاوی و ٢٧٠٧ کوردی و ٢٢ شابانی ١٤٢٧ مانگی و ١٦ سپتامبری ٢٠٠٦ ز ـ لە مەهاباد چاپ و بلاوکراوەتەوە.**

Dr.Saleh Ebrahimi



# ئاتروپاتین

لێکۆڵینەوە لە واژەی ئازربایجان (ئاتروپاتێن: ریشەناسی ناوی شارویادمانەکانی تاریخی وگوندەکانی یەکێ و لات و نیشتمان، لە راستیدا ئاگاداری یەکە، لە پەیدا بون و ئاڵ و گۆرو پێشکەوتنی ئەوانە، لە مێژودا، دیارە ناو لە سەردانان لە سەر شتێ یا شوێنێ یا کەسێ، زۆرتر لەسەر بنەرەتی روداوی مێژویی یا دانەرانی ئەوانە، بیچم دەگرن یا لەروی کارو کردەوەی تایبەتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، وە یا ناوی میراتی خۆرسکێ و سروشتی دەور و بەری ئەوانە، وەردەگێردرێن، هەرچەن خانوبەرە و شارە تاریخی یەکان، دوای رابوردنی رۆژگار لە ناوێ کە بۆیان دانرابووە، فاسیلیەیان گرتووە و رێگای دورودێژیان لە سەرەتای شکل گرتنیانەوە بریوە، بەڵام هەرجۆر بێ ئێمەمانان، بە تێفکرین لە و خانوبەرەو شارو گوندانە، ئاگادار دەکاتەوەو رامان دەچلەکێنن کەلیان وردبینەوە، کە جلۆن سەریان هەڵداوە و پەیدا بون. لەم نوسراوەدا کە دەیخوێننەوە، تێ کۆشراوە تا لە روی بەلگەی تاریخی و زمان ناسیەوە، بگەینە بنج و بناوان، هەرچەندە ئەم توێژینەوە تەواوترین و دوایی‌ترینی دەسکەت، نین لەم بابەتانەوە جا لە سەر بەلگەنامە و نوسراوەکانی مێژوزانانو خۆر هەلات ناسان و جوغرافیازانانەوە، ئازربایجان بە درێژایی دەورەگەلی تاریخی ناوەندی حوکومەت کردنی هۆز و تایفەی جیاجیابووە، ئاسەوارو ئەو نیشانانەی وا لە رۆژگاری دورو درێژ بە یادگار ماو نەتەوە، هەروەکو شارە ویرانەکان و تە پۆڵکە خۆڵەمێشینەکان و قەلا و بەردە نوسراویا هەڵکەندراوەکان، گڵکۆکان و هەزاران شوێن، یا واژەکانی کۆن و کەو ناراکەلە ئازربایجاندا هەیە، بە لگەن لەسەر ئەم راستیە. حەسەن پیرنیا مێژو زانی ناوداری ئێرانی **(ماد)ی** گچکەی بە ئازربایجان و بەشێ لە کوردستان داناوە، وە هەروا زۆربەی مێژوزانان بە تایبەت یۆنانی بە تێکرا، ئەوە بە (ماد)ی گچکە، دەناسن و دەزانن و بیرورایان لەوەدایە، کە لەشکر کێشی و بە دەسەوە گرتنی دنیا لە لایەن ئیسکەندەری مەقدونی بەدوا، بە بۆنەی ناوی فەرمانرەوای ئەم

Dr.Saleh Ebrahimi



ئوستانە بە سەرزەوی ئاتروٚپات یا ئاتروٚپاتێن ناوی دەرکردوە.

محەمەد تەقی حەکیم لەکتێبی خوٚیداکە بە نێوی (گەنج و دانیش) نوسیویەتی، دەڵێ: دوای مردنی ئیسکەندەر حوکومداری ئەو ئوستانە، بە ناوی (ئاتروٚپات) یەکەم کەسێکە، کەئالاّی ئازادی هەڵدا و لە راست سپای داگیرکەری ئیسکەندەرا، زەق راوەستا و ئەم سەرزەوی‌یەی لەچنگ داگیرکەر ئازادکرد، جا هەر لە بەر ئەمە هەندێ لە توێژێنەران واژەی ئازربایجانیان، بە وەرگیراو، بە ناوی ئەو داناوە و ئەم ئوستانەیشیان بە ئازربایجان ناو بردوە. سەیید ئەحمەدکیسرەوی نوسیویەتی: کاتێ ئیسکەندەر **بوٚ ولاّتی ماد و مادان (ئیترانی کوٚن)** هێرشی بردوە، لە **ماد ـ ی گچکە یەکێ لە خەڵکی ئەوێ بە ناوی (ئاتیروٚپات)** راپەریوە و لەوکاتەوە، ئەو (ماد)ی گچکەیان بە ئاتروٚپات ناو بردوە وکەم کەم کراوەتە، ئاتروٚپاتگان و عەرەبیش کردویەتە ئازربایجان و بنە ماڵەی ئاتروٚپات تا روٚژگاری سلوکیان و ئەشکانیان، هەر بەردەوامبون.

لە بورهانی قاتیع وکتێبی‌تر، قسەگەلێ‌تر لە واتای ئەودا پەیدا دەبێ‌کە هەمویان ئاوێستانی و ئێرانین. ئێستڕابوٚن جوغرافیا زانی یونانی لەکتێبی خوٚیدا نوسیویەتی: کاتێ هێزی پاشایی هەخامەنشیان کە نەفت کەوت، ئیسکەندەری مەقدونی دەسی گرت بە سەر ولاّتی **مادان و هەخامەنشیاندا،** لەو سەرو بەندەدا سەردارێ بە ناوی **«ئاتروٚپات»** لە **(ماد)ی گچکە** راپەری و سەرداری ماد ـ ی گچکە بە ناوی ئەو **سەرداره ماد ـە** ناونریاوە و لە پاشان بە ئاتروٚ پاتکان یا ئاتوٚر پاتگان، خوێندراوە تەوە، خەڵکی ماد ـ ی گچکە (ئاتروٚپات) یان کردە پاشای خوێان و خویان کردە سەر بە خوٚ و گوێان بوٚ هەرشەو گورەشەی ئیسکەندەریان شل نە دەکرد و جار بە جاریش لەگەڵ پاشایانی ئەرمەنستان و ئەشکانیان و شامات سوریا: (سوریە) خزمایەتی و ژن و ژن خوازیان دەکرد

پروٚفیسوٚر «مارکوارت» روٚژهەلاّت ناسی ئەلمانی لە ساڵی ۱۹۲۶ی زایینی و رێکەوتی ۱۳۰۴ ی هەتاوی لەکونفەرانسێکداکە لە بابەت تاریخ و رەگەزی ئازربایجانیان، قسەی

Dr.Saleh Ebrahimi



کردوه، رای‌گه‌یاندوه که واژه‌ی ئازربایجان له **ناوی ئاتروّپات** ساترا بی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی ولاّت، له روّژگاری ئیسکه‌نده‌ر، گیراوه، ئاتروّپات وجیّ نشینانی ئه‌و نه ته‌نیا له روّژگاری ئیسکه‌نده‌ردا، سه‌ربه خوّیی خوّیان سازدابو، به لّکو دوای ئه‌ویش به سه‌ر به خوّیی حوکومه‌تیان کردوه، به‌لاّم سه‌ره‌نجام ئه‌و زنجیره‌ی پاشایانی ماد ـ ی گچکه به ده‌ستی ئه‌شکانیان تیاچون.

نوسه‌ری تاریخی ماد، یاکوشوف لیّکوّله‌ری روسی له کتیّبی خویدا ئاوه‌های نوسیوه، **به‌شیّ فره‌ی سه‌ر زه‌وی ماد** له هه‌ریّمیّکدا بوو که له دواییدا کرایه، **ئاتروّپات** و ئه‌وسا کرایه ئازربایجان و له باشوری چه‌می ئه‌ره‌س دابوو. له‌وه ده‌چیّ حوکومه‌تی ماد روّژگاریّ له سه‌ر زه‌وی باکور، مه‌لّبه‌ندی ئارانیشدا خاوه‌ن و زه‌و ده‌سه‌لاّت بوون، واژه‌ی ئازربایجان له راستیدا له ئاتروّپات سازدراوه، بیّ‌گومان **خه‌لّکی ئازربایجان که له بنه چه‌که‌ی ماد ـ ن** به دریّژای میّژو، نه‌خشیّ گرینگیان هه‌بووه.

هه‌ندیّ لایان وایه که دوای مردنی ئیسکه‌نده‌ر، ئاتروّپات بووه‌ته، حاکمی ماد ـ ی گچکه‌و ئه‌و سه‌ر زه‌وی‌یه، به ناوی ئه‌و، ناو داربوو. یاقوتی حه‌مه‌وی ده‌لّیّ: **ئاتروّ له په‌هله‌ویدا به واتای ئاگره‌وپات به واتای پاریّزه ری ئاگردان و خازنه**، به‌گشتی یانی خانوی ئاگر و پاریّزه‌ری ئاگر، دیاره هه‌بونی ئه‌و هه‌مووه **ئاگردانانه‌ی له‌ویّ**، کردوّته به‌لّگه بوّبیرو راکه‌ی خوّی، خاوه‌نی تاریخی گوزیده ده‌لّیّ: مروّیّ به ناوی ئازه‌رباد له روّژگاری شاپوری زولئه‌کتاف له ماد ـ ی گچکه، لافی پیّغه‌ری لیّدا و خه‌لّکی باوه‌ریان پییّ‌کرد. میّژوزانانی ئه‌رمه‌نی، له نوسراوه‌کانی خوّیاندا. ئازربایجانیان به ئازه‌ربایغان، ئازه‌رباقان و ئاتروّ پاتکان، ئاتروّ پاتگان، نوسیوه و عه‌ره‌بیش به ئازه‌ربیجان نوسیویانه. حه‌کیم فیرده‌وسی له شانامه‌دا له‌و بابه‌ته‌وه فه‌رمویه‌تی: [ یک ماه در آذر آبادگان ـ ببودند شاهان و آزادگان ـ همی تاز تا آذر آبادگان ـ به جای بزرگان آزادگان] نویّژینه‌وه نیشان ده‌دا که ئاتروّپات به شیّوه‌های جوّر به جوّر گوّر دراوه.

Dr.Saleh Ebrahimi



هه‌ندێ لایان وایه ناوی شارو مه‌ڵبه‌ندێکه، هه‌ندێتر لایان وایه ناوی یه‌کێ له‌کورانی حه‌زره‌تی نوح پێغه‌مبه‌ره. هه‌ندێتر ده‌ڵێن: به واتای جێگه‌ی گڕه‌گڕی بایه. له ئاوێستادا (Atere pate) به واتای پارێزه‌ری ئاگره. له پەهلەویدا بەم شکڵه‌یه (Aturpat) ئه‌م زاراوه: ئاتروٚپات یا ئاتوٚرپات ناوی سه‌ردارێکی ماد ـ ی گچکه یه وئێرانی، دیاره، ئاتروٚپات حاکم «ساتراب، شاربان» بووه له روٚژگاری ئیسکه‌نده‌ردا لام‌وایه پێویسته به (دزمار یا دژمار) ئیشاره بکرێ که له ئاسه‌واری ئه‌و زمانه‌یه و له‌وه‌ش ده‌چێ بیرورای ئیسترابوٚن راست بێ، چونکا ئاشکرایه که دوای تێشکانی ئاشوریان **به ده‌سی (ماد، ماننا، سکاو کادوسین)** که به دژی ئاشوریان یه‌کیان گرتبوو. ماد ـ ه ـ کان به سه‌ر باقی یه‌کگرتواندا، زاڵ بوون و ئیمپه‌را توری گه‌وره‌ی **(ماد) یان بوٚ یه‌که‌مجار له مادان وکوردستان و ئێرانی** کوٚندا به سه‌رداری (دیاکوٚ ـ ی ماد) به دیهێناو نیشتمانی گه‌وره‌ی (مادان)ی پێک هێنا. له سه‌ره‌تاوه حوکومه‌تی ماد له ئوستانی باشوری چه‌می ئاراز (ئه‌ره‌س) که ئازربایجانی ئێستایه، دامه‌زراوه‌و به ماد ـ ی گچکه ناسراوه و له پاشان گشت وڵاتی ئێرانی کوٚنی ته‌نیوه ته‌وه و ماد، بووه‌ته حاکمی مادان و گشت وڵاتی که ونارای ئێران و له روٚژگاری ئیسکه‌نده‌ری داگیرکه‌ردا، ئاتروٚپات به دژی داگیرکه‌ر راپه‌ریوه و له ماد ـ ی گچکه‌دا حوکومه‌تی سه‌ربه خوٚیی سازداوه وگوٚیی به هه‌ره‌شه و گوره‌شه‌ی داگیرکه‌ران نه‌داوه. روٚژنامه‌ی هاوشاری ۱۳۷۹ی هه‌تاوی به قه‌ڵه‌می میخوش نوری (شه‌پوٚل). ئازربایجان له‌که و ناراوه، جێگای به رخوردی ته‌مه‌دون و ژیاروشارستانیه‌ت و ئه‌قیده و ئاداب و روسوم و په‌یدا بونی شوێنه‌واری کوٚنی مێژویی بووه، ئاسه‌واری کوٚنی وه‌ک ئه‌رسباران و قه‌راداغیش به ۱۲ هه‌زار سال و ته‌وریزیش به چوارهه‌زار ساڵ به‌ر له‌مروٚ، ناوی هه‌یه، ئازربایجان لاندکی ژیاری، که ونارایه و یه‌کێ له‌و هه‌رێمه پرگرینگه‌یه‌که به‌ره‌ی مروٚفی ئوگر داری خوٚی کردوه، چ له باری ئابوری یا خوٚرسکی و سروشتی به جوٚرێ که یه‌که‌م چاپخانه و یه‌که‌مین فێرگه، یه‌که‌م ته‌ئاتر به شێوه‌ی ئه‌مروٚیی و فره ئه‌مروٚیی ترله‌م هه‌رێمه

Dr.Saleh Ebrahimi



بیچمی گرتوّوه و هیّمان ئەوگرینگەی دیّرینی خوّی لە دەس نەداوە، سەرنجڕاکیّشە ئازربایجان ئاو و هەوای جوّراو جوّر و خوّش و دلگیر و دڵ لاویّنی هەیە. مورەتەب بونی چوارگژو فەسلّی ساڵ، دەشتی رەنگینی کیوّوچیای سەرنج ڕاکیّشی وەک (ئەرسباران، سەیەلان و سەهند، دەریاچەی ورمیّ، ـ ئازربایجان خیّوی شارستانیەتی درەخشان و کوّنەی هەیە، چ لە دەورەی ئوّرار توّوەکان (کە زیاتر لە چوار هەزار ساڵ بەرلە مروّ) و چ لە **دەورەی ماد و دامەزراندنی یەکەمین و پەرەدارترین ئیمپەراتوری مادو** هەخامەنش و ئەشکانی و ساسانی. نوکتە دەڵین کاتیّ ئەردەشیّری بابەکان ئالاّی ئازادی ئیّرانی هەڵداکە ئالاّکەی بە دەس فەرماندەیەکەوە بووە، بە ناوی ژەنگە شاوەران و لە نیّوەراستی ئەو ئالاّیەدا ویّنەی باڵندەی (هومای) زەنگا بووکە ئەمروّ لە نیوّ ئالاّی تایبەتی حیزبی دیّموکراتی کوردستانی باشوری (پارتی) خوّ نیشان دەدا. کە ژەنگە لە کوردی ئەمزوّدا بوّ تە شەنگە، ئەحمەدە شەنگە، شەنگە بیریّ. دەڵین ئەردەوانی ئەشکانی تانەو تەشەری بوّ ئەردەشیری بابەکان هاویشت و پیّیوت: ئەی کوری کوردی، لە نیو جیغ و چادری کوردان پەروە ردەکراو، چلّونە، دەتەویّ تاجی شاهی لە سەربنییّ ئەردەشیّریش لەوە لاّمدا دەلیّ توّی ئەشکانی بویە پیاوی بیّگانەی داگیرکەری ئیّسکەندەری مەقدونیو ولاّت دیلە و ویّرانە، دەمەویّ داگیرکەر، وەدەرنیّم و توّی نوّکەری داگیرکەر تەمیّ بکەم و ولاّت ئاوەدان بکەمەوە. نوکتە: ئەرد ئەرز، عەرد، زەوی و سەر زەوی و موقەدەس، شیّریانی شیّری پاریّزەری سەرزەوی موقەدەس، دیارە: ئەرد لە ئەردەلاّندا هەر ئەو مانەیانەدەدا ولان بە واتای جییّ و مانای ئەرد بەر فراوان دەکا یانی سەرزەوی فرەخاکی، هەروەک: خیزەلاّن: فرەخیزدار، لە زمانی کوردیدا هەروەک پاشگری پاراستن و حیفزکردن، وان لە باغەوان، ئەردەوان، دەشتەوان و پاسەوان، نیشانەی سنورەوانی یەکە لە راستیدا بنە ماڵەی حاکمانی ئەردەلاّن سنورەوانی ئیّران بوون، بوّ ویّنە کوّمە لە زمانی کوردیداکەمینی راوچی یە، کوّمەلاّن یانی کە مینگەی

Dr.Saleh Ebrahimi



راوچی، دیاره واتای راوچیشی له نێو خۆیدا راگرتووه (شه‌پۆل).
یا له ده‌وره‌ی دوای هاتنی ئیسلام، ئازربایجان، یه‌کێ له گه‌نجینه‌کانی ته‌مه‌دونی کۆن و که‌ونارای ئێرانه، دین گه‌لێ وه‌ک ئاینی زه‌رده‌شتی، مه‌سیحی، ئیسلام، که یادگاریَ پڕنرخیان بۆ ئێمه به‌جێ هێشتووه. قه‌لاگه‌لی مێژوویی، ده‌وره‌ی ئۆرار تۆوه‌کان، به سه‌دان قه‌لای وه‌ک قه‌لای (بابه‌ک کلیبر) یا به‌کی خورەم دین، ئاوارسین، جۆسۆن، قه‌هقه‌هه: (قاقا)، پشنو، په‌یغام، هلاکۆ، زوحاک یا ئاژیده‌هاک، داش قه‌لا، قه‌لاکیژ، ئاخچه قه‌لا و شوێنه‌وار و به سه‌دان ئاگردان، ته پۆڵه‌ی خوڵه‌مێشین و کلیسای وه‌ک: (سێنت ئیستپانوس، کلیسای مریه‌م ـ ی پاک، ئانیالو، جوان و رازاوه‌ترین مزگه‌وت، هه‌روه‌ک مزگه‌وتی که‌بود: که‌وه: پیروزه)ی ته‌ورێز. ئه‌رگی عه‌لیشا، مزگه‌وتی مه‌رەند، ته‌سوج، ئۆسکۆ، مه‌راغه، شه‌بسته‌ر، سه‌راب، ئه‌هه‌ر، میانه، گلکۆگه‌لێ هه‌روه‌ک گلکۆی شیخ مه‌حمود شه‌بسته‌ری و مه‌قبه ره‌تو شوعه‌رای ته‌ورێز مه‌دفه‌نی شاعیرانێ وه‌ک خاقانی کوردی زه‌نگنه‌ی شیروان، ئه‌سه‌دی توسی و هومام ته‌ورێزی که به داخه‌وه شیعره کوردی یه‌کانی له دیوانه فارسی یه‌که‌یدا له چاپ نه دراوه، بۆوێنه ئه‌م شیعره له **هومام** ته‌ورێزی که له سه‌ده‌ی ۸ و ۸ مانگی ژیاوه و به زمانی په‌هله‌وی ئازه‌ری کورده‌واری شیعری به چاپ لێکراوه‌یی لێ به جێماوه ـ هۆنه:

**وه‌هار، وول و دیم یار خۆش بێ     ئه‌وی یاران مه‌ول بی، مه‌وه‌هاران**

وول: گول، دیم: له دیمه شۆره‌دا ماوه‌ته، دیم: ده‌م و چاو، رومه‌ت. بڕوانه ناوه‌ندی موتاله‌عات و ته‌حقیقاتی میللی وه‌زاره‌تی فێرکردن و بارهێنان، ئێران له بابه‌ت ئازربایجان وه بێ تاریخ که ئه‌و جزوه له‌ره‌دی شۆره‌وی پێشودا نوسراوه که ئازربایجانی ئێران له هی شۆره‌وی جیایه و شۆره‌وی ناتوانێ ئازربایجانی ئێران بلکێنێ به ئازربایجانی شۆره‌وی یه‌وه و کتێبی زانایانی کورد، ج ۲ په‌ره‌ی ۱۱۶ چاپی ۱۳۷۹ به قه‌ڵه‌می (شه‌پۆل) و گۆفاری ویرا ژماره‌ی ۲ و ۱ ساڵی یه‌که‌م چاپی ۱۳۸۱ گاهنامه‌ی فه‌رهه‌نگی،

Dr.Saleh Ebrahimi



ئیجتماعی، ئەدەبی پەرەی ٨ بە قەڵەمی (شەپۆل).

یا قەتران تەوریزی، زەهیرەدین فاریابی، یا ئاوی (شاگۆلی) تەوزیز یانی گۆلاوی گەورە و پڕئاو یا (گۆلی‌شا) یاگلکۆ و بورجگەلی بە ناوبانگی مەراغە، وەک: بورجی کەبود گومەزەسور، گومەزی غەفاریە، بازاری سەر بۆشراوی تەوریز، سەیرانگەی ئال گولی، گوندی کەندوان، ئەشتەبین مەدفەنی خواناسی ناودار شیخ ئەبولقاسم نەباتی کورد، لیقوان، گوندی قەراداغ و داوینەی چیای سەهەند و سەبەلان، یا جەنگەلی پڕدار و درختی ئەرسباران، بڕوانە هاوشاری بە فارسی شەمە **٥** خەرمانانی **١٣٧٩** و **٢٥** جومادای **١٤٢١** و **٢٦** ئوگوستی ٢٠٠٠ی زاینی، ساڵی ٨ ژمارەی **٢** ٢٢٠٢ بە قەڵەمی محەمەد رەزا عەزیرپور (شەپۆل).

**ناساندنی ناوی تەو ریز لە روانگای زوان ناسی‌یەوە.** لە شەڕ لە تەک (ئوراتو) سارگینی ٢ پاشای ئاشور لەکەتیبە و فەتح نامەی خویدا لە ٧١٤ بە ر، لە زایین لە ئوشکا یا (ئوسکو؟) و هەروا لە دژوقەلایێ پتەو بەناوی تاروئی ناوی بردوە، کە لەوە دەچێ تەوریز بێ (بروانە تاریخی تەوریز تاکلکەی سەدەی ٩ مانگی، محەمەد جەواد مەشکور، پەرەی ٣٩١) و بە تیرئیس، گازا، تورش، توریس، ثورتر، داو ریژ: (تەوریژ) دورژ و... لەکتێباندا ناوبریاوە. (تەوریزی کۆن مەنسور خانکو پەرەی ٢٠) میژو نوسانی ئەرمەنی **تەوریزیان بە تەو ویژ»** ناوبردوە (بڕوانە تەوریز و دەورو بەر، شەفیع جەوادی پەرەی ٦٣)، چیروگێ بەم جۆرە هەیەکە «زبیدەخاتون ژنی هارونە رەشید، (تەو (تەب) و لەرز) دەیگرێ و چون لە تەوریز کە ئاوو هەوایێ پاک و خاوینی هە بووە، چادەبێتەوە، ئەوێ بە تەوریژ ناو، دەردەکا. (محەمەد جەواد مەشکور سەرچاوەی بەرو) یاقوت حەمەوی لە موعجەم بولدان تبریز ـ ی بە کەسریت خویندوتەوە ـ ئەبول‌فیدای ئەییوبی لە تەقویمی بولداندا دەنوسێ «ئاپۆرەی خەلکی ئەو شارە بە تەو ریژ دەی خوێننەوە (سەرچاوەی بەرو پەرەی ٣٨٨ و ٣٨٩) مینورسکی (ئیران ناس) نوسیویەتی: خوێندنەوەی (ت:

Dr.Saleh Ebrahimi



تبریز) بەکەسرە، یەکێ لە تایبەتی یەکانی زاراوەی خەڵکی خەزەرەکانە (سەر چاوەی بەرو) ئیرادێ فرە لەم باوەرە دەگیردرێ. ئەحمەدکیسرەوی بەو هەمووە. توێژینەوانەکە لەبابەت (تەوریز)ە وە ئەنجامی داوە، بە ئاکام نەگەیشتووە و رایگە یاندوەکە باش‌وایە، داوەری لەسەر نەکەین (: ئازەری یا زمانی باستانی ئازربایگان ئەحمەدکیسرەوی پەرەی ۱۰۵ چاپی دوەم ۱۳۷۹.) بیرورایێ دیکەیش لای‌وایەکە «تاو روژ» واژەیەکی ماد - ی‌یە و بەواتای شوێنێکە، کە تریژ وتیشکی خوری بە سەردا دەرژێ وکودریش ناوی ئەو شارە بە (تەویژ) تەو، بەواتای (تاو: نوری خور و روژ) و (ئەلفەکەی بو تەخفیف فرتاوە، **یا (تەو) بەواتای لەرزوتێ و نوبەتێ و تەب)ە -ریز- یش بەواتای (تەو ریژە) یانی تاوتێ و نوبەتێ و لەرز** لادەبا، لەلەشی مرو، دەی ریژێ و لای دەبا، (تەوریژ) حاڵەتی فاعیلی و بکەر - ی لێ بگرین. کە لە **زمانی ماد - خێوی ئیمپەراتوری ماد وکورد**، بە واتای (تاو، هەتاو) پرژێنە، هەروا، لە زمانی ماد -ی‌دا بە شوێنێک دەڵێن: کەگوی روژ نوروتیشک و تیریژی خوی بە سەر ئەوا پرش و بلاو دەکاتەوە (تەوریز لە روانگایێ ترەوە، (حەبیبو للا تابانی پەرەی **۵۳**) هەندێ ترلایان وایە تەوریز، ریشەی ئاریایی هەیە و لە واژەی (تەو، تەب، تا، تێ)گیراوە و بەواتای‌گەرماریژ -ەکە سەرچاوەی ئاوی‌گەرم لە تەوریز نێزیکن (ئێران و قەزیەی ئێران لورد کێرزون تەرجەمەی وەحید مازندەرانی ج **۲** پەرەی **٦٦** بە نەقل لە تەوریز لە روانگایێ ترەوە پەرەی **۵۷**) وە حسێن خەلەف تەوریزی لە بورهان قاتیع -ج **۱** پەرەی **۲۳** لەژێر ناوی ئازەر ئابادەگان دەنوسێ: (ناوی شاری تەوریزە. ئەمرو (تەو) لە زمانی خەڵکی ئازەری‌دا بە واتای (گەرما، تاب و تەوان) بەکاردەبری (واژەکانی کونە لە زمانی ئەمروی مەردمی ئازربایجان، وە محەمەد رەزا شیعار تەوریزی، لەژێر واژەی (تەو)، دیارە ئەگەر **(تەو) لەگەڵ (ریز) دا ئامێتە بن، دەبێتە (تەوریز)**کە لە زمانی کوردی ئەم سەردەمەدا باوە و بە (تەوریز) یانی (تەوریژ) دەخوێندرێتە وە. هەروەکو لە بەرا، وتمان ئەبول فیدا ئەیوبی ئەو شازادەکوردە، لە کتێبی تەقویمولبولدان دا

Dr.Saleh Ebrahimi



نوسیویەتی تەو: (= تەف) کە دەبێتە **(تەفریز = تەفریژ)** یانی گەرماریژ، حاڵەتی فاعیلی و بکەر.) و بەدریژای رۆژگار ساوراوە و بە (تەوریز) یا تەوریژ خوێندرا وەتەوە. (فەرهەنگی عەمید حەسەن عەمید بڕوانە واژە (تەف) ئەم قسە لەگەڵ ئەوەی وتراکە (تەوریژ) ریشەی ئاریایی بۆ هەیە، یەک دەگرنەوە. تەوریژ ناوێکی کۆنی ماد ـ ی ئێرانی یەو ـ ناوی گوندەکانیش هەروان: مەمەقان، گوگان، میهراوا، شیراز: شێریژ یا شیراژ ـ شیرا ج، هەشتەرۆ، ماکو: مادکۆ، میانە، بناو... هەرچەندە لە چوار سەد ساڵی رابوردوەوە، زمانی مەردمی ئازربادەگان ئازرپاتەکان لە ئازەری بەهەلەوی: گۆرانی، بۆتە ئازەری تورکی، هێمان زیاتر لە هەشتا لەسەدی واژەکانی ئەوێ رەگ و ریشاژۆی ماد ـ ی پەهلەوی: گۆرانی یان بۆ هەیە، بڕوانە موتالەعات لە زمان، تاریخ و فەرهەنگی ئازربایجان فیروز مەنسوری و ئێران میهر پەرەی ۸۱ و ۸۲ میهر و ئابان و ئازەزی **۱۳۸۵** ی هەتاوی نوسینی پەیمان ئەسەدزادە ممقانی و یاد داشتەکان و تەرجەمەی (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



# وندا بونی گەنج

«دیوید رۆهیل» کەو ناراناسی ئینگلیسی حودودی ساڵی ١٩٩٨ی زاینی کتێبێکی لە لەندەن لە چاپ داوە، بەناوی «ئوستورەی» پەیدا بونی تەمەدون، لە چاپ دانی ئەم کتێبە بووە هۆی ئەوە، زۆرێ لە کەونارا ناسان لە بابەت تاریخی عەهدی عەتیق و تەنانەت ناسین و ناساندنی تاریخی لە رافە و تەفسیر گەلی خۆیان بیر بکەنەوە و دوبارە چاوی پێدا بخشیننەوە یا تاڵ و گۆڕێکی تێدا بدەن. رۆهێل لە سەربنەرەتی ورد بونەوە ولێکۆڵینەوە کانی خوێ و هەروەها بە بەڵگە هێنانەوە لەسەر بنە رەتی بەڵگەی مەوجود، لە ئینجیل عەهدی عەتیق (بەشی ئافراندن) و راقەو تەفسیرەکان و دەرخستنگەلێ کەلەروی ئەو ئاگاداریانەوە، ئەنجامی دابون، ئەم فەرزەی هێنابووە گۆڕکە باغی عەدن: (باغی بە هەشت) شوێنێکە، لە باکوری رۆژاوای ئێراندایە: (هەرێمێ لە نێوان تەورێز و ورمێ) دایە،ئەو بەم فەرزە، دەی سەلمێنێ، کە پەیدا بونی ژیار و تەمەدون لەم نوختەو لەم هەرێمەوە، دەسی پێ کراوە و بە حەرەکەت کردن لە نێو کێووچیا و چرەکانی زاگرۆس (زوگورتی) دا، مێژوی ژیار و شارستانی بەرەی مرۆ بیچیم و شکڵی گرتووە. دوای ساڵێک «پیترمارتین» لێکۆڵە رو نوسەرێ دیکەی ئینگلیسی، بەو تارێکی وردو توێژە رانەوەو تەحقیقێ کەلە رۆژنامەی «ساندی تایمز»ە وە، لەو بارو بابەتەی سەرەوە لە چاپی دابو، ئەوەی بە بەشێ لە ئاخرین دەسکە و تگەلی کەونارا ناسان، ئەژمار دوە، تەنانەت ئەگەر ئەو هەرێمە کوردنشینانەش بەشێ لەو هەرێمە یادکراوەیش نەبن، خزمی و نێزیکی ئەوگوندە کوردنشینانە، دەتوانن سەرنج و تێ روانینی زۆرێ لە گەرۆکان و لێکۆڵەرانیدە رەوە بۆ لای ورد بونەوە لەوگوندە کوردنشینانە، بەرەو لای خۆیان رابکیشێ، لێکۆڵەرانێ کەبە دوای کەشف و دۆزینەوەی بێشکە ولاندکی ژیار و شارستانین، و تارو نوسراوەی «رۆهێل و مارتین» تاگوندەکانی بێ بەش و مەحروم و هەژارنشینی ئازربایجان دەرۆنو دوبارە، وە بەر سەرنجدان و لێکۆڵینەوە و خوێند نەوە،

Dr.Saleh Ebrahimi



دەکەون، مەبەست ئەو گوندنشیانەن، کە بەر لەمەکانیزەکردنی کشت و کاڵ، بە یەک گەرما و: (حەمام) یا یەک فێرگە، فرەتر نیازیان هەیە و موحتاجن، بۆ شایەدی ئەم نوسینە گشت خەڵکی گوندی: (خرێ) و باقی گوندنشینەکانی دیکەی جیرانیان بە سە. راپورتی هەواڵی ئاسیە ئەمینی لە رۆژنامەی هاوشاری ساڵی ۱۳۷۹ی هەتاوی و ۲۰۰۰ی زاینی. (شەپۆل).

## كردستان الشرقية (ايران) .. ترجمة تفسير القرآن الكريم بالكردية




لأول مرة في كردستان ايران قام البروفيسور - محمد صالح ابراهيمي (وهواستاذ جامعي) بتفسير القرآن الكريم باللغة الكردية كما راجع التفسير مجموعة من علماء كردستان وقد ساعدت وزارة الثقافة والارشاد الايرانية على طبع هذا التفسير.

ويعتبر عمل الدكتور ابراهيمي رافداً جديداً للغة الكردية التي لا تدرس في كردستان ومصدراً لأبناء كردستان المحرومين من المصادر والكتب الكردية إلاّ ما ندر.

27 نداء الحق
بانگی هەق - السنة الرابعة - العدد ١٤ ـ ١٥
/ سبتمبر ١٩٩٥م ٢٧

Dr.Saleh Ebrahimi


# کاتێ ئەسپەکان مەست ئەبن:
# لێکۆڵینەوە و بژارە کردنی ئەم فیلمە:

فیلم بەم تیتراژە، تەژی لە خۆشەویستی یە، دەس پێی دەکا کیژۆڵەیێ بچکۆڵانە بەزمانی شیرینی کوردی چریکەو چیروکی ژیان و ژینی خۆی دەگێرێتەوە. لە دایکیەوە قسە دەکا کە مردوە. لە باوکیەوە ئەدوێ کە خەریکی قاچاخچی یەتی یەو لە «مادی» برایەوە دەئاخوێ کە نەخۆشەو بیمار، وە قسەلە خوشکەگەورەکەی دەگێرێتەوە بە نێوی «رۆژین» کە کاری دایکی بنەماڵەی لە سەرشانەو ئەبێ پێنج خوشک و برایی، کەبە گاگۆڵکە دە رۆن یا تازەدەتوانن بەن دوێخینەکەی خۆیان ببەستنەوە، بەخێو بکاو پیان رابگا. لە پاشان دیمەن وشانۆ یەک لە بازار و زاروکانی کوردی کە بە زەحمەت کاسەی بلور و زەرف و زروفی چینی لەکریاران، وە ردەگرن و لە رۆژنامەی دەپێچن تا لە رێگای پر لەکەندو کۆسب، لەم زەرد بۆ ئەو زەردی نێوسنور چوون، نەشکێن.

هەر لەو شانۆو دیمەنانەی فیلمەکەدا، کە کاک بەهمەن قوبادی نوسیویەتی و سازی داوە، باش تێ دەگەین کە منالانی کورد قوربانی نەداری و هەژارین و لەسەریان ناکرێ، وەک مرۆ لەبەرچاو نەگیردراون. منالانێ کە لەباتی چوونە فێرگە بۆ خوێندن و فێربونی زانین و عیلم و هورنە ئەبێ دەس دەنەکاری بفەو پرمەترسی و شتی قاچاخ بێنن و ببەن، ئەویش لە شاروچکە یێکی نێو سنور کە ساڵەهای ساڵ لەبن چکمەی داگیرکەراندا (لە سونگەی جەنگی ئێران و ئێراقدا نالاندویەتی.

وێنەگەلێ کە لە پەردەی ئەو سینەمایەدا، دەبیندرێ، شاروچکەیەکی گچکەیە، کە زاروکانی کورد، لەوێدا ژیان و ژینیان زۆر سەخت و پرلە زەحمەتە.

«مادی» نەخۆش و کوورو پشت‌دە رپەریوە، «مادی» کیسە یەکی چکۆڵەی هەیە کە قورسەو بە ناچار دەواکانی تێ دەکاو لای خۆی رایان دەگرێ بۆ خواردن. - «مادی» ۱۵ ساڵانەیە، بەڵام بە قەدوقلافە لە منالێ سێ ساڵە دەچێ «مادی» پێ یەکانی چکۆڵە وسەرێ زل و دەم و چاوێ زل و زەق وزگێ هەڵمساوی هەیەو پشتیشی لەدواوە زەق

:

Dr.Saleh Ebrahimi


دەرپەریون. ئەو هەمو سەر لە ئێواران سواری وانێتێ گەورە دەبن و لەگەڵ منالانی کوردی دیکەدا شت‌ومەکی قاچاخ دەفرۆشن یا دەی کڕن.

ئەمجارەیان منالەکانی کورد، دەفتەرچەی قاچاخیان لەژێر کراسەکانیانەوە، لەبن بە غەلیان دا، شاردبۆوە. لە نێو ئەم منالانەدا، منالانی کوردی باشوری‌یانی ئێراقیشیان تێدا بوو، کەسنورەوانانی سنوری «بەدرۆ» پەیتا پەیتا ئەو منالە کوردانەیان هەلدەبڕی، تابیان گرن‌و بیان روتێننەوەو زیندانیان بکەن‌و شکەنجەو ئازاریان بدەن‌و چاو ترسێنیان بکەن، جا ناچار ئەو منالەکوردانەی ئەو دیوی کوردستانی باشوری ئەبوو، بەر لەوەی بگەنە نێو سنورو نێزیک «سنورەوانانی داگیر کەر» لەپشت وانێتبارەکەوە خۆ فرێدەنە خواری‌و بەنێو ئەو بەفرە زۆر و سەرما سەختە بە نێو زەرد و بەردا، بەو نێوچرو چێوەدا بە هەلات هەلات برۆن و خۆلە دەس (سنوره وانانی داگیرکەر) رزگار بکەن. بەلام زۆر جاران ئەو منالە بەستە زمانانە، دەکەوتنە گیر سنورەوانانی نامۆوبێ بەزەیی و هەرچیان پێی دەبوو روتیان دەکردنەوە و دەدرانە بەر زللە و پێی لەقەی ئەو ناکەس بەچانەی بەناو سنورەوانان.

ژین و ژیان لەونێوەدا «کە بەنێوی سنور بەسەر ئەو خەلکە، دا سپاوە» زۆر هەژارانەو پڕلە دەرد و رەنج و زەحمەتە، زەوی زۆر و پەرە داروبەرین‌وپر لە «مین» ە ـ کە «داگیرکەران» لە خاکی پاک و پرپیت و بەرەکەتی کوردستان دا چەندویانە، لەکاتی شەڕی ئێراق‌و ئێران داکە بە عەمد و بە قەسەت، شەرەکەیان لە سالەکانی هەشتاکاندا (١٩٨٠ ز) هێنا بووە نێو خاکی کوردەواری، چونکا لەوە دەترسان کورد یەک بگرن و خۆلە دیلی و یەخسیری رزگار بکەن.

لەو سەردەمەی‌وا ئەم فیلمە ساز دراوە، ئەو ناوچە زۆرساردو پڕوتەژی لە بە فر و ژیان زۆر سەخلەت بووە.

«مادی» نەخۆشەو ئەبێ قورسەکانی، بەبێ ئاو قوت‌بداوبیان خوا، بەم واتایە تف‌لە نێو دەمیدا جەم بکاتەوە، «تا بتوانێ قورسەکانی پێوە قوت‌بدا چونکا بۆ خواردنی ئەو قورسانە، ئاو لەو دەمەی‌دا دەس ناکەوێ. ـ لەونێوەدا، نوواندانی پێوەندی مرۆفانی نێوان سێ منال هەست بزوێنە، سنورەوان، وانێت بارەکە رادەگرێ‌و منالەکان ریز دەکا، دوای

Dr.Saleh Ebrahimi


راگرتنی ماشینەکە، منالەکان ئەبێ باقی ریگا، تا دەگەنە، مالەوە، بە پیادە برۆن، ئەو ریگا پروتەژی لە بەفرە و بەوسەرما و سوڵو توفو بەندە، بەلام هێمان بەلاودەرد، بەسەر قارەمانانی فیلمەکەدا، ئەباریێ. منالەکان گەیشتونەتە مالێو لەوکات و ساتەدا جەنازەی باوکیان گەیشتوتە بەر درگای مالێ. راوی قارەمانی مێرمندال بەزمانی کوردی هاوار دەکا و بە قولپی گریانەوە. دەلێ باوکی بەسەر «میندا» رەد بووەومین لەبن لاقیدا تەقیوە. ئێستا لەم دەمەیدا، سەرەرای داکیان، باوکیشیان سەر پەرستی خانەوادەش لە دەس چووە و شەهید بووە.

نوکتە: لەم فیلمەدا «مادی» ١٥ سالەیی بە تەمەن گەورەو بە قلافە هەر وەک زاروکێ سێ سالە دەچی، ئەم واتایە لەئێمە دەگەینێ کە نەتەوەی نەجیب و بەشخوراوی کورد، تەمەنی زۆرەو مێژوییێ کۆنو دور و درێژی هەیە، بەلام داگیرکەران نەتەوەی کوردیان لەفەقری ئابوریو فەرهەنگیو کۆمەلایەتیدا قەتیس راگرتووە.

ئەم فیلمە پەیتا پەیتا، زەربەلە بینەری خۆی دەوەشێنێ کەزاروکی کوردی رۆژهەلاتو کوردستانی باشوری لە چ کەندو کوسپێکدا، ئەژینکە بەنێو ژیانە. «رۆژین» خوشکە گەورەکە، شێوەی دایکی دەگرێتە ئەستۆ، پاروە نان ساز دەکاو دەیکا بەدەم خوشکو برا منالەکانیو نانیان دەداتێ.

براگەورەکەیان لەبەرنەداری دەسی لە خوێندن هەلگرتووە و ئەویش بوتە نان هێنی مالێ. تەنیا مێرمندالێکە کە لەم کاتو ساتەدا، دەتوانێ بچێتە فێرگە «مەدرەسە» بۆ خوێندن، ئەو دەفتەرەکانی بە مەشق و نوسین پردەکاتەوە.

براگەورەکە، دەفتەر بۆخوشکە چکۆلەکەی دەکرێ. «مادی» دەباتە لای پزیشک «لوقمان و حەکیم». بۆ «مادی» پۆستێر دەکرێ، وێنەی (رەش پێستێک) بە قلافەیەکی چەورو رۆناوی و دەسو بازولەیێ قەویو ئەستورو پرلەگۆشت و ماهیچە، ئەم پۆستێرە لە بە راورد کردن لەگەل منالێ ١٥ سالەکە بە ئەندازەی زاروکێ سێ سالە هەلی نەداوە، مولە لەشی مرۆف راستو قرژ دەکاتەوە. مامیان دەلێ: ئەو ناتوانێ خەرجی هەشت زاروکی خۆی دابینبکا، لێرەوە رون دەبێتەوەکە لەدەرەوە هیچ یارمەتی یەک بەم منالە بێکەسانە نادرێ، لەم رۆژەوا نەفسانەداکۆششی براگەورەکەیان بۆبارکێشی لەنێو سنور بە

Dr.Saleh Ebrahimi


شێوه‌ی قاچاخ ناگاته شوێنێ، که‌خیرێ به‌و مناڵه بێکه‌سانه بگا. هه‌وایش زۆر تـوش‌و ساردو سه‌خله‌ته ئه‌سپه‌کان (قاترو هێستره‌کان) ئه بێ مه‌ست بکرێن تا بتوانن به نێو ئه‌و به‌فره‌دا به‌نێوزه‌ردو به‌ردو رێگای هه‌ورازو هه‌ڵه‌موت و پرله‌که‌ند و له‌نده دا برۆن و پێ نه‌خه‌ن‌و گه‌رمای له شیان سارد نه‌بێته‌وه، تا باره‌که‌یان ده‌گه یینه‌جیێ.

له نێو ئه‌و فیلمه‌دا ئه‌سپ نابیندرێ به‌ڵکو قاتره بار ده‌کێشێ، ده‌که‌ون به‌سه‌ر میندا و تیا ده‌چن، قاترو هێسترله زه‌رد و به‌رد و چروچیای کورده‌واری فـره بـه‌کـاردێ و بۆ رۆژانی‌وا پرنرخ و به بایه‌خن و له‌ماشین‌و شتیوا له‌و رێگایانه‌دا به‌کارتر و پرنرخ‌ترن.

پزیشکی دێ (گوندی) دوباره راده‌گه‌ێنێ‌که ئه‌گه‌ر «مادی» نه‌شته‌رکاری نه‌کرێ، ده‌مرێ. «مادی» هه‌مو رۆژی به ده‌رده‌وه ده ناڵێـنێ وکـز تـروگرمۆڵه تـرده‌بێ ورەق و ویشک هه‌ڵده‌گه‌رێ‌و رو به‌تیاچون به‌ره‌و پیری نه‌مان ده‌روا...

«رۆژین» خوشکی گه‌وره، وه‌ک دایکی بنه ماڵه‌ی بێ‌سه‌ر په‌رست شو به پیاوێکی کوردی کوردستانی با شوری ده‌کا، مه‌رجیسش ئه‌وه‌یه‌که ماڵه زاوا «مادی» نـه‌خۆش له‌گه‌ڵ خۆیان ببه‌نه ئه‌و دیوو موعالجه‌ی بکه‌ن‌و ئه‌وه شیربایی «رۆژین» بێ.

«رۆژین» ته‌نیا په‌نای ئه‌و منالانه یه‌که به شێوه‌ی دایک به‌سه‌ریان راده‌گا، سواری مایین ده‌بێ‌و به‌ره‌و ماڵه‌زاوا «به‌ختی‌خۆی» ده‌روا. رۆژین جلک و سپیاڵێ سـورله بـه‌ر ده‌کاو چارشێوێ‌که شان‌و ملی بچوکی له سه‌رما بپارێزێ دراوه به سه‌ری دا.

نوکته: ئه‌وه، که «رۆژین» به پیاوێکی کوردی، ئیراقی شو ده‌کاو ئه‌و بوکه، له‌م دیو ده‌بنه ئه‌و دیو له فیلمه‌که‌دا ده‌یه‌وێ بڵێ: خه‌ڵکی ئه‌م دیووئه‌و دیو هـاو زمـان و هـاو ره‌گه‌زن و هیچ جیایی ره‌گه‌زیی له نـیوانـیاندا نـییه‌و دیـواری نـه‌دی (نـامه‌رئی) ئـه‌م دیووئه‌ودیو. له دیواری بیرلێنی ئه‌ڵمانی سست‌تر و بێ‌مایه‌تره، دیوارێ له نیوان دا نییه.

«مادی» نه‌خۆش له‌نێو خورجێنێک ده‌نێن وله پشت تـه‌رکی قـاترێ تـوند ده‌ی به‌ستن تا نه‌که‌وێ، له ده‌م و چاوی «رۆژین»ی بچکۆلانه و «مادی» غه‌ریبی ده‌بارێ.

خه‌سوی «رۆژین» و ژنانی دیکه دێنه پێشـوازی بـوکه‌کـه: «رۆژیـن» خـه‌سوی (رۆژین هه‌رکه چاوی به «مادی» که‌وت ده‌سی کرد به قێژه‌قیژ و پرته‌و بۆڵه‌کردن و به زمانی‌کوردی به دادو هاوار هاواره‌وه وتی: من بوکم هێناوه، نه‌ک ئه‌م مناڵه نه‌خۆش و

Dr.Saleh Ebrahimi


ته‌ڵخه‌که ...) نه‌ی هێشت «مادی» سه‌ر به‌ماڵیدا بکا.

«رۆژین» به قوڵبی گریانه‌وه «مادی» برای گرته باوه‌ش، ئه‌وسا به مام و براکه‌ی سپارد که ئاگایان له «مادی» بێ. مامی رۆژین ویستی کاره‌که‌یان لێ تێک بدا، به‌ڵام تازه «رۆژین» ماره‌براوی پیاوه‌کورده ئێراقی یه‌که‌یه.

مامی «رۆژین» ده‌ڵێ: ئیمه شیر باییمان له‌ئێوه وه‌ر نه‌گرتووه، جا له به‌ر ئه‌وه‌ی «مادی» موعالجه بکه‌ن و رای بگرن، ماڵه‌زاوا هێسترێ له‌باتی شیربایی به‌مامی رۆژین ده‌ده‌ن،) «مادی» به‌هێستر، مامه له‌ی پێی ده‌کرێ.

قاتر یا هێستر له نێوچروزه ردو به‌ردو پڕله هه‌ڵدێری خاکی کوردستان زۆر به که‌ڵکه‌و زۆر به کاردێ...

فیلمه‌که به‌و ئاهه‌نگه خه‌فه‌تاوی‌یه، به‌م ملۆدرامه به‌رده‌وامه، به‌و نه‌خۆشییه‌ی «مادی» به تایبه‌ت که هه‌رچی له دواکه‌وتنی نه‌شته‌رکاری «مادی» رابری ئه‌و نه‌خۆشه له‌مه‌رگ‌و تیاچون زیاتر نێزیک ده‌بێته‌وه. جا به ناچار لێ ده‌برێ به هۆی شیربایی «هێستره‌که»ی رۆژینی خوشکی، کالا و کوتاڵێ بباته ئێراق تا به‌ڵکو خه‌رج‌و مه‌خاریجی نه شته‌رکاری «مادی» دابین بکا. یه‌کێ له هاواڵه‌کانی کوتبویان: که زه‌وی یه‌کانی ئێمه بۆ کشت‌و کاڵ‌نابن، چونکا داگیرکه‌ران «مینێ» زۆرو زه‌وه‌ندیان له زه‌ویه‌کانی ئه‌واندا چاندوه و کردویانن به‌بن خاکدا. «مادی» و براکه‌ی له‌گه‌ڵ باری قاچاخچیان ده‌چنه سه‌فه‌ر به‌ڵام ...

نوکته ئه‌وه که نه‌خۆشه‌که به «مادی» نێوبراوه ئاماژه‌یه‌که نه‌ته‌وه‌ی کورد له ره‌گه‌زی مادن‌و کورد زۆر مێژوییێ دورو درێژی هه‌یه و ئێستاکه پارچه پارچه‌بون، داگیر که‌ران له‌هه‌ر بارو بابه‌تێکه‌وه کوردیان له نه‌خۆشی مه‌رگ و تیاچون و تاوا نه‌وه‌دا راگرتووه، جا ئه‌گه‌ر نه‌ته‌وه‌ی کورد زو به فریایی خۆی نه‌که‌وێ به نه‌شته‌رکاری خۆی له داگیرکه‌ران جیا نه‌کاته‌وه، تیاچون‌و تووانه‌وه به‌ده‌سی خۆی مۆر ده‌کا ـ ئه‌وه‌ش که خه‌سوی رۆژین نه‌ی هێشت مادی نه‌خۆش. بچێته ماڵیان، ئاماژه به کورده‌کانی خۆمانه که نایه‌ڵن کورد، له‌کورستان دا بحه‌جمێ و بحه‌سێته‌وه وبچنه نێو خاکی بن ده‌س یه‌کتر، که مه‌بادا، داگیرکه‌ران پیان ناخۆش بێ. ـ هه‌ستێ پڕسۆزی ئه‌وسێ مناڵه لێقه‌وماوه

Dr.Saleh Ebrahimi



سەبارەت بەیەکترین، هەستی پڕسوٚزی گشت کوردەکان لە پارچە پارچەکردنیان بەدەس ناموٚ، یەکتر بە یەکدی نیشان دەدا، کە نەتەوەی کورد گەیشتوٚتە ئاستی یەک‌بونو یەک گرتن‌کە خاکەکەیشیان یەک بخەنەوەو یەک بن‌و یەک رەگەزو یەک خوٚینیشن، تازە دژو دوژمنان‌و داگیرکەران هچیان لە دەس نایێ‌و کورد بیری لە خوێی کردوتەوەو خەریکی ئازادکردنی خویەتی بە تەواوی.

شانوٚی ئاخرو ئوخری فیلمەکەیش بە تەلاش‌و تەقالادانی براکەی "مادی" یەوە خەریکە. "مادی" و براکەی‌و هێسترەکەیان لە نیوٚ قوڕو سەرماداگیریان خواردوەو کەوتونەتە نیوٚکەمینی سنورەوانانی داگیرکەرو هاو ریٚگاکانیشیان لە ترسان هەر هەڵدێن‌و ئاوڕیش لێ نادەنەوە، بەناچار لەگەڵ «مادی» برای دا بە نیوٚسیمی دڕودار دا، تێدەپەڕن.

«مادی» لەسنور تێ دەپەڕێ؛ لەپشت سیمەدڕو دارەکانەوە.... هەل‌و مەرجی «مادی» و هەزاران زاروک‌و منالی کورەدەواری کە وەکو «مادی» ین، چاویان بڕیوەتە ئاسوٚیەکی روناک‌و گەشی دوا روٚژ.

مادی لەسنور، سنوری بەدروٚ سازدراو رابوردوەو فیلمەکەیش هەرلەم نوختەدا گاتە ئاخر. (شەپوٚل).